# مێژووی پێوەندییە نهێنییەکانی

# نێوان

# ئەنساری ئیسلامو ڕێکخراوی قاعیدە

نووسینی:

حەسەن یاسین

چاپی یەکەم

سلێمانی 2005

ناوی کتێب: مێژووی پێوەندییە نهێنییەکانی

نێوان پشتیوانای ئیسلامو ڕێکخراوی قاعیدە

بابەت: لێکۆڵینەوە

نووسینی: حەسەن یاسین

دیزاینی بەرگ‌و کاری هونەری:
سۆران عەبدوڵڵا
پیتچنین: شاناز محەمەد ڕەئوف ـ
گۆنا عەبدوڵڵا
هەڵەبڕی: سروە مستەفا ـ تارا
عەبدولکەریم
چاپی: یەکەم سلێمانی 2005
تیراژ: 1000 دانە

لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی
ناوەندیی ڕاگەیاندنی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان زنجیرە
37





## پێرســـــت

بەر لەپێشەکی
5
سەرنجێکی پێویست
8
پێشەکی 9
پەیدابوونی ئەنسار
11

## نەسكی یەكەم


هێزی 2ی سۆران
14
رووداوەكانی ساڵی 1993
19
یەكەم تاوتێكردنی...
23
پەیدابوونی ئەبو وائیل‌و عەرەبە توندرەوەكان
26


## نەسكی دووەم


گروپی حەماس
32
ئەبو قەتادەی فەلەستینی
42





سەردانی بارەگای گروپی تەوحید
46
بەرەو ئەفغانستان
48
كۆبوونەوەی نوێنەرانی حەماس‌و
51
وتووێژەكانی وەفدی هێزی 2ی سۆران
52
لەقەندەهارەوە بۆ كابول
53
رۆڵی ئەیمەن زەواهیری
55
بینینی ئوسامە بن لادن
59
گەڕانەوە بۆ كوردستان
59

## نەسکی سێیەم

گروپی تەوحید
61

## نەسکی چوارەم

یەکگرتنەوەی باڵەکان
67
نۆ مانگ پشێوی
69
کۆبوونەوەی بەراییەکانی نێوان تەوحیدو هێزی 2ی سۆران
72

## نەسکی پێنجەم

باڵی ئیسلاح
77





کۆبوونەوەی گوڵپ
82
گرژی نێوان جوندولئیسلام‌و کۆمەڵی ئیسلامی
85
جوندولئیسلام‌و بزوتنەوەی ئیسلامی
89
مەرجەکانی مەلا کرێکار
90

## بەر لەپێشەكیی چاپی یەكەم

### خوێنەرانی هێژا...

ئەم لێكۆڵینەوەیەی بەردەستتان, بۆ بڵاوكردنەوە لەرۆژنامەدا نووسراوە, بۆیە گەلێ وردەكاریی دیكە كەدەبوو لەنووسینەكەدا هەبووان فەرامۆش كران, چونكە بواری بڵاوكردنەوە لەرۆژنامەدا سنووردارە.

ئەم بەرهەمە بەهەشت ئەڵقە لەرۆژنامەی (كوردستانی نوێ)دا لەژمارەكانی (3569, 3570, 3571, 3573, 3574, 3575, 3576و3577)، كەئەڵقەی یەكەمی رێكەوتی 2005/1/11و هەشتەمین ئەڵقەی لە 2005/1/23دا بڵاوبووەوە.

دوای بڵاوبوونەوەی, هاورێم توانا ئەحمەد لەستافی سكرتاریەتی نووسینی رۆژنامەكە ئاگاداری كردم كەدەیانەوێ وەك یەكێك



لەچاپكراوەكانی مەكتەبی راگەیاندنی (ی. ن. ك) چاپو بڵاوی بكەنەوە, منیش, بەسوپاسەوە, رەزامەندیم لەسەر دەربری.

جێی داخە, بەهۆێ سەرقاڵیم نەمتوانی هەندێ زانیاریی پێویست, جگە لەچاككردنەوەی هەندێ هەڵەی چاپو دارشتنەوەی بابەتەكە لەرووی زمانەوانییەوە, بۆ ناساندنی ئەو ناوانەی لەلێكۆڵینەوەكەدا هاتوون بخەمە سەر نووسینەكە, كە لەدووتوێی كتێبۆكەیەكدا چاپ دەكرێو ئەو زانیارییانە پێویستیشن, بەڵام خوێنەران دڵنیا دەكەم كەبۆ چاپی دووەم ئەو زانیارییانەش بەپوختی دەخەمەسەر.

**بەهیوام بابەتەكە مایەی رەزامەندیی خوێنەرانی هێژا بێت.**

**حەسەن یاسین**

**كوردستان- سلێمانی**

2005/5/15

**پێشکەشە بە :**

- وەستا رەسوڵ
- ڕێبوار چەمچەماڵی





**کە لەپێناوی دڕدان بەتاریکستانی تیرۆریستان لەشەڕی (جند الاسلام..)دا، لە2001/11/4 دا بەسەختی بریندارو کەمئەندام بوون.**

## تەمەنیان درێژو پڕ بەخشش بێت

## سەرنجێکی پێویست

ئەم بەرهەمە زادەی تاوتوێکردنو بەدواداچوونو شیکردنەوەی بڕێکی زۆری زانیارییەو پشت ئەستورە بەسەرچاوەی تایبەتو ئیفادەی هەندێ لەو ئەندامانەی گروپی ئەنسارولئیسلامکە لەماوەی ساڵو نیوی رابردوودا لەسلێمانیو موسلو بەغداو کەرکوك لەلایەن دەزگای ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستانو هێزی نێودەوڵەتیی فرە رەگەزو هێزەکانی گاردی نیشتمانیی عراقەوە گیراون. جگە لەوە, لەهەندێ بواردا بۆ ساغکردنەوەو پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان پشت بەپرنسیپی



فرە سەرچاوەیی زانیاری بەستراوەو هەر زانیارییەك رێژەی لێ دڵنیابونی کەم بووبێت, تا ئەو کاتەی ساغ دەکرێتەوە خراوەتە لاوەو لەو شوێنانەش کەپێویستی کردبێ, سوود لەو دیکۆمێنتانە وەرگیراوە کەهەڵوێست بەرامبەر بەرووداوەکان وەردەگرن وەك نامە, فاکس, لێدوانی رەسمی, بڵاوکراوەو بەیاننامەی سەرکردەو حزبەکان.

# پێشەكی

رێكخراوی ئەنسارولئیسلاملەتوندڕەوترین گروپە تیرۆریستەكانی مێژووی سیاسیی كوردە. ئەگەرچی ئەم رێكخراوە لەیەكی مانگی ئەیلولی ساڵی 2001دا دامەزراوە، بەڵام ریشە فیكرییەكەی بۆ ساڵانێكی پێشووتر، وردتر، بۆ رۆژگاری سەرهەڵدانی بزووتنەوە ئوسولێییەكانو وردە وردە چەكەرەكردنو پەرەسەندنی دیاردەی توندڕەویی ئایدیۆلۆژی لەدەروونیاندا دەگەڕێتەوە.



چەندەها فاكتەری ناوخۆییو دەرەكی دەستیان لەپەیدابوونی رێكخراوی (ئەنسارولئیسلام لەكوردستان)دا هەیە. دەشێ ئەم رێكخراوە بەلوتكەی توندڕەویی ئایدیۆلۆجیی ناو بزاڤە ئیسلامییەكانی كوردستان بژمێردرێ. پەیدابوونی ئەم رێكخراوە پێوەندیی بەهەندێ فاكتەری ناوخۆیی، وەك ململانێی سەختو دژواری ناوخۆی گروپە ئیسلامییەكانی كوردستان, شكستی بزاڤە ئیسلامییە رادیكالەكان لەراگرتنی هاوسەنگیی نێوان ئایدیۆلۆجیاو پێداویستییە سیاسییەكان, خراپیی باری ئابوریی كوردستانو درێژەكێشانی شەڕی ناوخۆو دووبەرەكیی ناوخۆییەوە هەیە. هەروەها هەندێ فاكتەری دەرەكیش رۆڵی گرنگیان لەپەیدابوونی ئەم رێكخراوەدا هەبووە، وەك كاریگەریی ئەزمونی ئەفغانستانو پێوەندی لەگەڵ رێكخراوی قاعیدەدا, بەڕادەیەك كەدواتر

ئەنسارولئیسلام وەك لقی كوردستانی رێكخراوی قاعیدەی لێ هاتو چارەنووسی بەتەواوەتی بەچارەنووسی قاعیدەوە بەسترایەوە. ئەم لێكۆڵینەوەیە، بەشێوەیەكی تایبەت، مێژووی پێوەندییە نهێنییەكانی نێوان ئەنسارولئیسلامو رێكخراوی قاعیدە تاوتوێ دەكا.

* * *





## پەیدابوونی ئەنسار

### رێكخراوی ئەنساری ئیسلام زادەی یەكگرتنی چوار باڵی رادیكاڵی ئیسلامییە كەبریتین لە :

**1-هێزی 2ی سۆران**

لەساڵی 1994دا لەکاتی شەڕی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و بزووتنەوەی ئیسلامیدا دامەزراو ئەسعەد محەمەد حەسەن ناسراو بە ئاسۆ هەولێری کرایە لێپرسراوی. ئەم هێزە وردە وردە بوو بەهەوێنی توندڕەوی‌و شوێنی کۆبوونەوەی توندڕەوە هەرە رادیکاڵەکان‌و زیاتر وەك گروپێکی سەربەخۆ, بەتایبەتی پاش کۆنگرەی(1)ی بزووتنەوەی یەکبونی ئیسلامی, هەڵسوکەوتی دەکردو بەکرۆکی کاریگەری جوندولئیسلام‌و پاشان ئەنسارولئیسلام دادەنرێ.

## 2-گروپی حەماس

ساڵی 1998 لەبەشێکی ئەندامە توندڕەوەکانی ناو بزووتنەوەی ئیسلامی پێکهات کەبەرپاکردنی جیهاد لەکەللەی دابوون‌و زۆر لەژێر کارایی ئەزمونی بزووتنەوەی تالیباندا بوون. هۆی راستەوخۆی دامەزراندنی ئەم گروپە, رەتکردنەوەی





رێککەوتننامەی ساڵی 1997ی تارانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و بزووتنەوەی ئیسلامی بوو لەو بۆچوونەوە کەدەست خستنە ناو دەستی عەلمانییەکان خزمەت بەئامانجەکانی ئیسلام ناکات.

## 3-گروپی تەوحید

ساڵی 2000 لەچەند کادیرو ئەندامێکی توندڕەوی ناو بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی پێکهات‌و ئامانجەکەی بەرپاکردنی جیهاد لەدژی حزبە عەلمانییەکان‌و رواڵەتەکانی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی بوو.

## 4-باڵی ئیسلاح

بەرابەرایەتیی مەلا کرێکار وەك باڵێکی سەربەخۆ هەڵســوکەوتی دەکــردو دیــدێکی توندڕەوانــەی بــۆ مەســەلە سیاســییەکان هــەبوو و زۆر لــەژێر تــەوژمی هاوپەیمانیی نێوان بزووتنــەوەی تاڵیبــان‌و ڕێکخــراوی قاعیدەدا بوو.

دەبێ ئـەوەش بڵـێین کـە هـەر چـوار باڵەکـە لـەژێر کاریگەریی ئەزمونی ئەفغانستاندا بـوون‌و لـەرەفتارو هەڵســوکەوتیاندا هاوهەڵوێســت بــوون‌و یــەك دیــدی توندڕەوانەیان بۆ مەسەلەکان هەبوو و یەکگرتنەوەیان لەچوارچــێوەی ڕێکخــــراوی( ئەنسارولئیســــلامله کوردستان)دا بوو بەهۆی باسك ئەستورکردنی گیانی تونــدڕەویی ئوســـوڵی لەکوردســـتانداو لەهـــەمان کاتیشــدا بــوو بەهەڕشــەیەکیش بــۆ سەرئاشــتیی کۆمەڵایەتی.

# نەسکی یەکەم

## هێزی 2ی سۆران

بزووتنەوەی ئیسلامی لەناوخۆدا گروپێکی کۆكو تەبا نەبوو و, چەندین باڵی تێدا دروست ببوو کەهەر یەکێکیان لەئاوازێکی دەخوێندو خۆی لەوانی تر بەموسڵمانتر لەوانی تر دەزانی, یاخود لانی کەم خۆی بەشایستەتر بۆ خزمەتکردنی ئامانجەکانی ئیسلامی سیاسی دادەنا. لەڕووی ئایدیۆلۆژیاوە, جیاوازییەکی زۆر لەنێوان بزووتنەوەی ئیسلامیو گروپە ئیسلامییە سوننییەکانیتری جیهانی ئیسلامدا نەبوو، بەڵام کارنامەی بزووتنەوەی ئیسلامی سەبارەت





بەکوردستان تەمومژیو لێڵییەکی زۆری پێوە دیار بوو.

مەلا عوسمان عەبدولعەزیز توانیبووی جێیەك بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی لەنێو بزاڤی رزگاریخوازیی کورددا بکاتەوەو، ئەمەش وایکرد مەلا عوسمان بەشێوەیەکی گشتی وەك سەرکردەیەکی میانڕەوو خاکیو شەرعزان ناو دەربکات, جگە لەوەی کە لەژێر رابەرایەتیی ئەودا بزووتنەوەی ئیسلامی لەلای گروپە عەلمانییەکاندا رێزێکی تایبەتیی هەبوو. لەهەموی گرنگتر ئەوە بوو کە ناوبراو ئەوەندەی پێی کرا, هەوڵیدا حزبەکەی تێکهەڵکێشی پرۆسەی سیاسی بکاو پێوەندی لەسەر بنەمای دۆستایەتیو هاوکاری لەگەڵ حزبە عەلمانییەکانی کوردستاندا دروست بکا. هەر لەژێر رابەریی ئەویشدا بزووتنەوەی ئیسلامی

لەهەڵبژاردنی ساڵی 1992ی پەرلەماندا ڕێژەی 6%ی بەدەست هێنا.

بەڵام لەناوخۆدا مەلا عوسمان هەڵسوڕانی حزبەکەی خۆی پێ کۆنترۆڵ نەدەکراو بەشێکی زۆری سەرکردەکانی تری حزبەکە، کەلەو گەنجتر بوون پێیان وابوو ئەگەر بزووتنەوەی ئیسلامی رابەرێکی دیکەی گەنجتری بۆ هەڵکەوێ, دەتوانێ دەستکەوتی زۆرتر بەدەست بێنێ‌و زیاتر پەرە بەبزاڤی ئیسلامگەرا بدا. ئەو بەرهەڵستکارانە دەیانویست بزووتنەوەی ئیسلامی بەجۆشترو بەگوڕتر خۆی بنوێنێ‌و ئومێدی ئەوەیان هەبوو کەسەرکردایەتی لەحزبە عەلمانییەکان بسەننەوەو کوردستان بەرەو ئیسلامگەرایی بەرن.

مەلا عوسمان سەرەڕای ئەوەی کەرێزو حورمەتی لەناو ئەندامانی بزووتنەوەی ئیسلامی‌دا هەبوو و لەهەموو سەرکردەکانیتری حزبەکە خۆشەویستتر بوو،





بەڵام پیری‌و پێکهاتەی سایکۆلۆژیی، کە رێیان پێ نەدەدا هەمیشە دەمی لەدەمی بەرهەڵستکارەکانی گیر بێ‌و توشی مشتومڕو دەمەقاڵە بێ لەگەڵیاندا, وایان کردبوو نەتوانێ بەپێی پێویست بەرگری لەڕاو بۆچوونەکانی خۆی بکات.

ئەو ململانێ نێوخۆییە بووە مایەی ساردکردنەوەی بەشێکی زۆری ئەندامانی بزووتنەوەی ئیسلامی کەئەوەندەی بایەخیان بەمەسەلە ئایدیۆلۆژی‌و شەرعییەکان دەدا ئەوەندە بایەخیان بە ململانێ شەخسییەکان نەدەدا. ئەوانە پێیان وابوو ئەو ئەرکەی ئەوان ژیانی خۆیانیان بۆی تەرخان کردووە, گەورەترە لەململانێی نێوان فلان‌و فیسار سەرکردەو هەر ململانێیەکی لەو جۆرەش بەقازانجی سەروەریی ئیسلام ناشکێتەوە.

بەشێکی زۆر لەو ئەندامانەی لەڕەوتی پێوەندییە ناوخۆییەکانی ناو بزووتنەوەی ئیسلامی بێزار ببوون, لەساڵانی 1988-1990دا ریزەکانی (بزووتنەوەی ئیسلامی)یان بەجێ هێشتو روویان کردە ئەفغانستان بۆ بەشداریکردن لەجیهاددا دژی حکومەتە کۆمۆنیستەکەی نەجیبوڵلا.

لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا دو عەرەب رۆڵی سەرەکییان لەهاندانی کوردەکان بۆ چوون بۆ ئەفغانستان هەبوو، کەبریتی بوون لەعەبدولشەهید لەهێزی حەسەن بەنناو عەبدولباری لەهێزی شافعی. ئەم دوو کەسە هاتوچۆی نێوان پاکستانو کوردستانیان دەکردو هەر جارەی کەدەهاتن, ماوەیەکی زۆر لەلای بزووتنەوەی ئیسلامی دایاندەکوتاو پێوەندییان بەناوچە سوننەنشینەکانی عیراقەوە دەکرد. عەبدولشەهید لەشاری پیشاوەر





لەپاکستان سەرپەرشتیی میوانخانەیەکی دەکرد ناوی نابو ماڵی عیراقییەکانو لەوێوە موجاهیدە عیراقییەکانی بۆ ئەفغانستان دەنارد, خۆیشی خەڵکی بەغدا بوو بەڵام جگە لەم کارە هاتوچۆی وڵاتانی تریشی دەکرد تا لەدواییدا لەئەریتریا کوژرا. عەبدولباریش هەمان ئەرکی لەئەستۆدا بوو و کاتێك دەچۆوە پاکستان کاری لۆجستیکیی دەکرد. لەوانەی لەو ماوەیەدا لەڕێگای پاکستانەوە چوون بۆ ئەفغانستان مەلا کرێکار, عەلی وەلی, ئەیوب ئەفغانی کەدواتر بوونە سەرکردەکانی گروپی ئەنساری ئیسلامو هەندێکیان، وەك سەید کەمال، لەشەڕەکانی ئەفغانستاندا کوژران.

تا ئەو کاتە گروپی تالیبان پەیدا نەبوو بوو، بەڵام رێکخراوی قاعیدە توانیبووی خەڵکانێکی زۆر لەهەموو شوێنێکی جیهانی ئیسلامەوە بۆ شەڕکردن

لەدژی روسەکانو حکومەتەکەی نەجیبوڵڵا بۆ ئەفغانستان بنێری. ئەو کوردانەی چوون بۆ ئەوێ لەناوچەی خۆست لەسێ سەربازگەی (سەدا, فاروقو خلدن) مەشقیان پێ کراو سەرپەرشتیارانی ئەو سێ سەربازگەیە، لەو کاتەدا عەرەب بوون لەوانە ئەبو ئیسلامی میسری, ئەبو دەجانەی سعودی, ئەبو غەسانی جەزائیری, جولیبی یەمەنیو هی تر.

پاش راپەڕینی ئاداری ساڵی 1991 لە کوردستاندا، زۆربەی ئەو کوردانەی لەئەفغانستان بوون, گەڕانەوەو پێوەندییان بەبزووتنەوەی ئیسلامییەوە کردەوە، بەڵام ئەو چەند ساڵەی لەئەفغانستاندا بەسەریان بردبوو, ئەوەندە گیانی توندڕەویو رەتکردنەوەی رای بەرامبەریان تیایاندا سەقامگیر کردبوو کە هەستیان دەکرد بزووتنەوەی ئیسلامی ساتوسەودا لەگەڵ حزبە عەلمانییەکاندا





دەکاو ئەرکی جیهادیی خۆی لەبیر خۆی بردۆتەوە. هەمو هەوڵو تەقەللای ئەوانە بۆ ئەوە بوو کەزیاتر بزووتنەوەی ئیسلامی بەرەو توندڕەوی بەرنو ئەزمونی ئەفغانەکان لەبەرپەرچدانەوەی روسەکانو حکومەتی نەجیبوڵڵادا لەهەرێمی کوردستان دووبارە بکەنەوە, بەتایبەتی بەرامبەر بەهێزە عەلمانییە چەپەکانی وەك یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

لەو ماوەیەدا مەلا کرێکار فێرگەیەکی بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی توندڕەوی کردەوەو ئاسۆ هەولێریش لێپرسراوەتیی مەڵبەندی 3ی هەولێری بزووتنەوەی ئیسلامیی وەرگرتو شالاوێك لەنێو بزووتنەوەدا لەلایەن کوردە ئەفغانەکانەوە بۆ شێتگیرکردنی بزووتنەوەی ئیسلامیو تێوەگلاندنی لەجەنگێکی پیرۆزدا دژی عەلمانییە چەپەکان دەستی پێ کرد.

## روداوەکانی ساڵی 1993

بەم پێیە, بەشێکی زۆری ئۆباڵی گرژبوونی پێوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیو بزووتنەوەی ئیسلامی لەساڵی 1993دا لەئەستۆی ئەو ئەندامانەی بزووتنەوەی ئیسلامیدابوو کە لەئەفغانستان گەڕابوونەوە یاخود ئەزمونی ئەفغانستان سەرسامی کردبوونو خولیای دووبارەکردنەوەی ئەم ئەزمونە لەکوردستاندا لەکەللەیدابون.

ساڵی 1993 بەهۆی سەرەڕۆیی بەشێکی چەکدارە توندڕەوەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی, زنجیرەیەك پێکهەڵشاخان لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیو بزووتنەوەی ئیسلامیدا روویدا، لەوانە لەکفری کەتوانرا بەهەوڵو کۆششی شێخ محەمەد بەرزنجیی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوە دەستیان





بەسەردا بگیرێو رێ بەپەرەسەندنیان نەدرێ، بەڵام گەورەترین تەنگژە ئەوەیان بوو کەرۆژی 20ی کانونی یەکەمی 1993 لەرانیە روویدا, کاتێك توندڕەوەکان نمایشێکی سەربازییان بەناو شاردا دەست پێکردو بە بەردەم بارەگای کۆمیتەی رێکخستنی رانیەی یەکێتیی نیشتمانیدا تێپەڕینو کتوپڕ بەشێکی چەکدارەکان هێرشیان کردە سەر بارەگای کۆمیتەکەو محمد سوڵتان کارگێڕی مەڵبەندی 6ی سۆرانو پێنج ئەندامی یەکێتییان شەهید کرد.

ئەم رووداوە سەرنجی چاودێرانی سیاسیی بەلای مەترسیی بیروباوەڕی توندڕەوەکان راکێشاو بووە خاڵی وەرچەرخان لەچۆنێتیی هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا. کوردستان یەکەمین وڵات بوو لەجیهاندا کەئەزمونی ئەفغانستان تیایدا رەنگی دایەوە. لەم رووداوە

بەدواوە, شەڕی سەختی نێوان یەکێتیی نیشتمانیو بزووتنەوەی ئیسلامی دەستی پێکرد.

بەرەی سەرەکیی شەڕەکە لەچوارقوڕنەدا بوو کە لەو کاتەدا گەورەترین سەربازگەی مەشقی بزووتنەوەی ئیسلامیی لێبوو و هەموو ئەوانەی لەئەفغانستان مەشقیان دی بوو, وەك مامۆستا، وانەیان تێدا دەوتەوە.

هەولێکی زۆر درا پڕیشکی شەڕەکە ناوچەی تر نەتەنێتەوەو لەم رووەوە هەولێکی زۆر درا شەڕ،بەتایبەت، لەناو شاری هەولێر لەنێوان هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیو بزووتنەوەی ئیسلامیدا نەقەومێو لەم رووەوە لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا کەسانێك هەولیاندا شەڕەکە هەولێر نەگرێتەوە، چونکە لەو بڕوایەدا بوون کەئەگەر شەڕ لەهەولێر بقەومێ, هێزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی بەرگە





ناگرنو تێك دەشکێن. بەڵام باڵە توندڕەوەکە کە لەو کاتەدا ئاسۆ (ئەسعەد محەمەد حەسەن) لەهەولێر نوێنەرایەتیی دەکرد, دانی بەخۆدا نەگرتو رێنمایی بۆ لایەنگرەکانی دەرکرد کەدەست بەهێرشکردنە سەر هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی بکەن. لەم سۆنگەیەوە, شەڕ هەولێریشی گرتەوە.

شەڕەکانی هەولێر بەپاکتاوکردنی هێزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی کۆتاییان پێهاتو زۆربەی چەکدارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی بڵاوەیان لێ کردو خۆیان شاردەوەو هەڵمەتێك بۆ راوەدوونانی لایەنگرەکانیان دەستی پێ کرد.

بەشێکی زۆری چەکدارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لەسەر سنوری عیراق-ئێران گیرسانەوەو پاش ئەوەی ئاسۆ خۆی دەرباز کرد, گەیشتە سەر سنورو لەخڕی نێوزەنگو زەڵێو قاسمەڕەش بارەگای دانا.

بـەهۆی شکســتەکەوە, بەشـێکی زۆری ئەنـدامانی بزووتنەوەی ئیسـلامی وازیـان هێنـاو هەیبـەتی مـەلا عوسمانیش وەك رابەری بزووتنەوە لەق بـوو و ئەمـەش دەرفــەتی بــۆ نــەیارەکانی رەخســاند کــەزیاتر تانــەو تەشەری لێ بدەنو گوناهی شکستەکەی بخەنە ئەسـتۆ. شکستەکە سەرەرای ئەوەی کاریگەر بوو، بـەڵام زیـاتر بـوو بـەهۆی رق هــەڵگرتن لەیـەکێتیی نیشـتمانیو لەنێو ئەو باڵەی کە زۆر لـەژێر کاریگـەریی ئـەزمونی ئەفغانستاندا بوو زیاتر گیانی قینو تۆڵەو توندڕەویی چەسپاند.

ئاسـۆ هـەمو هـەوڵو رەنجـی خـۆی بـۆ سـەرلەنوێ کۆکردنەوەی ئەندامە پەڕاگەندەکان تەرخان کردو پاش هەوڵو تەقەللایەکی زۆر توانیی هەموو ئەندامە زویرو ناڕازییەکان بۆ ئۆردوگای پەنابەرانی پیرشێخ لـەنێوان هەردوو گوندی دوئـاوو پیرشـێخ لـەئێران بانگهێشـت بکـا. لـەو کۆبوونەوەیـەدا کەبایـەخێکی زۆری هەیـە, بڕیاری دروسـتکردنی دوهێـز درا, یـەکێکیان هێـزی 1ی بیتوێن بوو, ئەوی تریان هێزی ئەیوب ئەفغانی و





ئاسۆ کرا بەفەرمانـدەی هێزەکـە. لەسـەرجەمی پێـنج کەس لەسەرکردەکانی ئەم هێزە, دواتر دوانیـان, واتـە ئاسۆ هەولێریو ئەیوب ئەفغانی (کامـەران مـەولود کاکل عەلی), گروپی جوندولئیسلامیان پێکهێنا.

لێرە بەدواوە, هێزی 2ی سـۆران بـوو بەکوانویـەك بۆ لەخۆ کۆکردنەوەی ئەندامە هەرە توندڕەوەکانی ناو بزووتنەوەی ئیسلامیو تەنانەت تا ماوەیەکی زۆر وەك هێزێکـــــی دەرەوەی کـــــۆنتڕۆڵی ســـــەرکردایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامی هەڵسوکەوتی کرد.

## یەکەم تاوتوێکردنی

## مەسەلەی دروستکردنی لقێکی ڕێکخراوی قاعیدە لەکوردستاندا

### دروستبوونی سەنتەری ئیسلامی

پاش خاوبونەوەی گرژیی نێوان یەکێتیی نیشتمانی و بزووتنەوەی ئیسلامی, یەکێتیی نیشتمانی رازی بوو بارەگاکانی ناو شارەکان بداتەوە بەبزووتنەوەی ئیسلامی و لەبەرامبەردا بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسەتی ئاشتبوونەوەی گرتە بەر. ئەم سیاسەتە تازەیەی بزووتنەوەی ئیسلامی مایەی نارەزایی گروپە توندڕەوەکان بوو کەدەیانویست درێژە بەشەڕ بدەن و هەموو رێوشوێنێك بۆ لەناوبردنی یەکێتیی نیشتمانی بگرنە بەر.





هێزی 2ی سۆران کەخەریك بوو دەبوو بەناوەندی توندڕەوەکان لە نێو بزووتنەوەدا, لەبیارە بارەگای داناو تا ئەو کاتەی جوندولئیسلام راگەیەنرا, ئەم هێزە تەنها بەناو لەژێر چەتری بزووتنەوەی ئیسلامیدا بوو و رەفتارو بۆچوون و سیاسەتەکانی هەمیشە لەرەفتارو بۆچوون و سیاسەتەکانی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامی جیاواز بوون.

کەلێنی نێوان ئەندامانی هێزی 2ی سۆران و سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامی تا دەهات بەرینتر دەبوو. لەکۆتایی ساڵی 1998دا پێنج ئەندامی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی کەبریتی بوون لەدکتۆر ئیبراهیم تاهیر مەعروف, ئاسۆ هەولێری, ئەیوب ئەفغانی, مەلا هەڵگورد هەولێری و ئەبو خوبەیب, پێشنیازێکیان بۆ مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی یەکبوون بەرز کردەوە بۆ نیشاندانی

رەزامەندی لەسەر دروستکردنی دەزگایەك بەناوی سەنتەری ئیسلامی. پاشان سەنتەرەکە دامەزراو دکتۆر ئیبراهیم بووە سەرپەرشتیاری. دروستبوونی ناوەندەکە بووە هۆی پەروەردەکردنی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی بزووتنەوەی ئیسلامی بەگیانی توندڕەوی لەسەر شێوەی ئەفغانیو ئەم ناوەندە زەمینەیەکی لەباری بۆ بڵاوکردنەوەو پەرەپێدانی گیانی توندڕەوی پێکهێناو دواتریش گۆبەندێکی زۆری بۆ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی یەکبوون نایەوە، چونکە ئەو بیروباوەڕە توندڕەوانەی کەناوەندەکە ئەندامو کادیرەکانی پێ پەروەردە دەکرد، سەرکردایەتیی بزووتنەوەیان وا نیشان دەدا کەسەرکردایەتییەکە کەم بەتەنگ خزمەتکردنی ئیسلامەوەیەو تێنو تاوی جیهادی تیادا دامرکاوەتەوەو زیاتر سەرگەرمی ساتوسەودایە لەگەڵ گروپە عەلمانییەکاندا. ئەندامانی





هێزی 2ی سۆران, لەلای تالیبانو رێکخراوی قاعیدە بەگروپی سەنتەری ئیسلامی ناسرا بوون.

ئەبو خوبەیب ئەندازیاری بیرۆکەی دامەزراندنی سەنتەری ئیسلامی بوو کە لەئەزمونی ئەفغانستان فێری گرنگیی پەروەردەو راهێنان ببوو و، لەم سۆنگەیەوە ئەو سەنتەرەی رۆڵی سەرەکیی لەدروستکردنیدا بینی هەم وەك فێرگەیەکی ئایدیۆلۆژیی حزبی رۆڵی بینی هەم وەك سەربازگەیەك بۆ فێربوونی هونەری شەڕکردن. ئەبو خوبەیب ساڵانێکی زۆری تەمەنی لەئەفغانستان بەسەر بردبوو و شانبەشانی موجاهیدینی ئەفغانو عەرەب شەڕی روسی کردبوو. ئەو, سەرباری شەڕکردن, لەسەربازگەی سەدا لەئەفغانستان وانە شەرعییەکانی بەخوێندکاران دەوتەوە. پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان لەساڵی 1991دا, لەدهۆك پێوەندیی بەرێکخستنی ئیخوان

موسلمینەوە کرد، بەڵام لەساڵی 1994دا وازی هێناو چووە ریزی بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامییەوەو تا ساڵی 1997 لەناوی مایەوە، بەڵام لەو ساڵەدا وازی لێهێناو پێوەندیی بەبزووتنەوەی ئیسلامییەوە کرد.

سەنتەری ئیسلامی سێ بارەگای لەهەولێرو بیارەو هەڵەبجە کردەوەو کەوتە ڕێکخستنی چەندین خولی ئایدیۆلۆژی‌و عەسکەری‌و ڕێکخراوەیی بۆ کادیرەکان‌و ڕۆڵێکی دیاری لەچەسپاندنی بیروباوەڕە توندڕەوە رادیکاڵەکاندا بینی. سەنتەر دوو بڵاوکراوەی مانگانەی بەعەرەبی دەرکرد, یەکێکیان گۆڤاری ((لواء الشریعة)) بوو, ئەویتر بڵاوکراوەی ((اخبار المسلمین فی العالم)). جگە لەوە, لەئینتەرنێت نووسینی تیۆریسێنە ئیسلامییە هەرە رادیکاڵەکانیان وەك ئەبو بەسیری یەمەنی‌و ئەبو





محەمەد مەقدەسی‌و ئەبو قەتادە هەڵدەبژارد و سەرلەنوێ بەتیراژێکی زۆر لەچاپیان دەدانەوەو بەسەر ئەندام‌و کادیرەکانیاندا بڵاویان دەکردنەوە.

سەرباری ئەمە, ئەبو خوبەیب پێوەندیی پتەوی لەگەڵ بزووتنەوەیەکی سەلەفیی وەهابی لەبەغدا، کەناوی لەخۆ نابوو بزووتنەوەی موەحیدین دامەزراند.

## پەیدابوونی ئەبو وائل‌و توندڕەوە عەرەبەکان



ئەبو وائیل

ئەندامانی هێزی 2ی سۆران بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە لەبیارە جێگیر بوون, توانیبوویان بەبێ ئاگادارکردنەوەی

سەرکردایەتیی خۆیان, بەهۆی ئەبو خوبەیبەوە, رایەڵێکی فراوانی پێوەندی دروست بکەن. بەشێکی ئەندامەکانی ئەم هێزە بەدزییەوە سەردانی ئەفغانستانیان کردو پێوەندیی پتەویان لەگەڵ رێکخراوی قاعیدەدا دروست کرد.

ساڵی 2000 ئەبو وائل, کە دواتر، یەکێ لەدامەزرێنەرانی جوندولئیسلام بوو, خۆی گەیاندە هەولێرو لەوێوە لەرێگای دڵشاد گەرمیانییەوە چوو بۆ بیارەو لەلای هێزی 2ی سۆران گیرسایەوە.

ئەبو وائل عەرەبێکی دانیشتووی بەغدا بوو, بەڕیشە دەچۆوە سەر شارۆچکەی عانە لەپارێزگای رومادیو ناوی تەواوی سەعدون مەحمود عەبدوللەتیف عانی بوو. ئەفسەرێکی خانەنشینی سوپای عێراق بوو, ئۆفیسێکی پارێزەریی لەشاری رومادی هەبوو. ئەبو وائل ئەندامی سەرکردایەتیی





گروپێکی سەلەفی بوو کەبیرو بۆچوونەکانی لەوەهابیەتەوە سەرچاوەی دەگرتو لقو پۆپی لەتورکیاو ئەوروپاو ئوردون هەبوو. دامەزرێنەری گروپەکە محەمەد مەشهەدانی بوو کەدکتۆری ددانساز بوو و نازناوەکەی ئەبو عەبدولباستو لەنێو گروپەکەدا ناوی ئەبو تەڵحە بوو. گروپەکە لەخەڵکانی عیراقیو ئوردونیو فەلەستینی پێکهاتبوو.

گروپەکە وەك بەشێکی زۆری گروپە سوننە مەزهەبەکان لەساڵی 1978دا سەرەتا وەك کۆمەڵەیەکی دینی بۆ رمێن پەیداکردن بۆ ئیسلام بەتێگەیشتنێکی وەهابییانەو بەشێکردنەوەیەکی سەید قوتبانە بۆ کۆمەڵ, پەیدا بوو و پەیتا پەیتا بەلای سیاسەتدا دایشکاندو زیاتر بیروباوەڕی تەکفیرکردنی کۆمەڵی پەسەند کردو ناوی موەحەدینیی بۆ خۆی هەڵبژارد. بەدرێژایی ئەو

ماوەیە گروپەکە لەرێی ئەو کۆمەکانەوە کە لەرێکخراوە خێرخوازە ئیسلامییەکانی بریتانیاو ئیماراتەوە پێی دەگەیشت, خەرجیی خۆی دابین دەکردو بەشێك لەئەندامانی ئەم گروپە لەدەرەوەی وڵات توانییان پێوەندی لەگەڵ رێکخراوی قاعیدەدا دامەزرێنن.

سەرەڕای بیروباوەڕە توندڕەوەکانی گروپەکە, کەچی گروپەکە هیچ هەڵسوڕانێکی سیاسیی لەدژی رژێمی بەعس نەنواندو زۆربەی هەرە زۆری چالاکییەکانی بۆ هێرشکردنە سەر شوێنەکانی مەی فرۆشتن‌و مەیخانەکان‌و ئارایشتگاکانی ژنان تەرخان کران. ئەم چالاکییانە سەرنجی دەزگا ئەمنییەکانی حزبی بەعسییان راکێشاو لەساڵی 2000دا دەزگا ئەمنییەکانی حزبی بەعس دەستێکی کاریگەریان لەو گروپە وەشاندو بەشێکی زۆری ئەندامەکانیان





دەستگیر کردو ئەوانەش کە نەگیران بڵاوەیان لێ کردو خۆیان شاردەوە. بەشێکیان خۆیان گەیاندە هەولێرو پاشان پێوەندییان بەهێزی 2ی سۆرانەوە کرد, لەوانە ئەبو وائل.

تائێستا چۆنێتیی‌و کاتی دروستبوونی پێوەندی لەنێوان ئەم گروپە سەلەفییەو ئەندامانی هێزی 2ی سۆران روون نیە، بەڵام ئەو رۆڵە گەورەیەی کە دواتر ئەبو وائل لەنێو جوندولئیسلام‌و پاشانیش لەئەنساری ئیسلامدا گێڕای, بەڵگەی کۆنی‌و سەقامگیریی پێوەندیی نێوان هەردوولایە.

ئەبو وائل لەبیارەوە پێوەندیی بە بەشێکی زۆری ئەندامە پەراگەندەکانی گروپەکەیەوە کردو وردە وردە بۆ کوردستانی بانگهێشتکردن. پاش ئەبو وائل, ئەبو عەبدولڕەحمانی شامی لەتورکیاوە هات‌و پێوەندیی بەئەبو وائلەوە کرد. ئەبو عەبدولڕەحمانی شامی

توندڕەوێکی ئوردونی بوو, وا ناسرابوو کەنوێنەری ئوسامە بن لادنە لەناو هێزی 2ی سۆرانداو، ئەوەی زیاتر ئاماژە بۆ ڕۆڵی گرنگی دەکا, ئەوەیە کەئەم کابرایە لەیەکەم پێکهاتەی شورای ڕێکخراوی جوندولئیسلامدا پۆستی ئەندام شورای وەرگرتو لێپرسراوەتیی فەرماندەیی کەتیبەی ئەقسای پێ سپێردرا. دواتر شامی لەشەڕەکانی چیای شنروێدا کوژراو کەسوکاری لە ئێرانەوە تەرمەکەیان بردەوە بۆ ئوردون. بەهۆی شامیەوە پێوەندی بەئەبو تەڵحەوە کرا کەئیمامو خەتیبی مزگەوتێك بوو لەعەممانو داوای لێ کرا بێتە کوردستان. ئەبو تەڵحە کاریگەریی زۆری لەسەر گروپەکە هەبوو و محەمەد مەشهەدانی بەرێنماییەکانی ئەم کابرایە رەهەندە سیاسیو بۆچوونە توندڕەوەکانی گروپەکەی سەقامگیر کردبوو. لەگەڵ ئەبو تەڵحەدا ئەبو هندیش هات. ئەبو تەڵحە ئەندازیاری پێوەندیی نێوان موەحیدینو ڕێکخراوی قاعیدە بوو و لەڕێی ئەمەوە ڕێنماییەکانی قاعیدە





بەگروپەکە دەگەیشتن. لەم سۆنگەیەوە, هاتنی ئەبو تەڵحە بۆ کوردستان بووە مایەی پەرەپێدانێکی زۆر بەپێوەندییەکانی نێوان هێزی 2ی سۆرانو ڕێکخراوی قاعیدە. تا دەهات ژمارەی عەرەب لەریزی هێزی 2ی سۆراندا زیادی دەکرد, تا گەیشتە ئەو رادەیەی کەکاتێك گروپی جوندولئیسلام راگەیەنرا دەورووبەری سەد عەرەبی لەخۆ گرتبوو. لەسەرجەمی 10 ئەندامی شورای جوندولئیسلام, دووانیان عەرەب بون. یەکێکیان ئەبو وائل بوو کە بووە لێپرسراوی هەیئەی شەرعیو کاری پاساودانی کردەوەکان بوو لەڕووی شەرعەوەو ئەویتریان ئەبوعەبدولڕەحمانی شامی بوو. دواتر سێ عەرەبی تر کە لەئەفغانستان مەشقیان دی بوو و فێری هونەری دروستکردنی تەقەمەنی بوو بوونو بریتی بوون لە ئەبو عەبدوڵڵای مالکیو سەیف شامیو حەمزە, لەئەفغانستانەوە بەنێو ئێراندا خۆیان گەیاندە بیارەو پێوەندییان بەهێزی 2ی سۆرانەوە کرد.

بیری خۆ جیاکردنەوە لەبزووتنەوەی ئیسلامیو پێکهێنانی ڕێکخراوێکیتر لەسەر مۆدێلی بزووتنەوەی تاڵیبانی ئەفغانیو بەلاساییکردنەوەی ڕێکخراوی قاعیدە لەرەفتاردا, لێرە بەدواوە تا دەهات زیاتر بەرەو گەلاڵەبوون دەچوو. لەکۆبونەوەیەکدا، کە لەهاوینی ساڵی 2000 دا لەبیارە بەسترا, سەرانی هێزی 2ی سۆرانو عەرەبە توندڕەوەکان بڕیاریاندا شاندێك بۆ ئەفغانستان بنێرن، کە لەگروپی موەحیدین ئەبو وائلو لەهێزی 2ی سۆران کە بەگروپی سەنتەری ئیسلامی ناسرا بوو ئاسۆ هەولێریو عەلی وەلیی تێدا بوو، بۆ تاوتوێکردنی مەسەلەی پێکەوەنانی ڕێکخراوێکی توندڕەو لەکوردستاندا. بینینی ئوسامە بن لادنو ئەیمەن زەواهیری لەئەجندەی سەردانەکەدا بوو. ئەم شاندە یەکەمین شاند بوو کە بەتایبەت بۆ تاوتوێکردنی





مەسەلەی دروستکردنی ڕێکخراوێکی ئیسلامیی رادیکال وەك لقێکی ڕێکخراوی قاعیدە لەکوردستاندا, سەردانی ئەفغانستان بکا. خەرجیی سەفەرەکەش ئەبو قەتادەی فەلەستینی، کە لەبریتانیا دادەنیشت, دابینی کرد.

# نەسکی دووەم

## بەرهەڵستکارانی رێککەوتننامەی تاران بزووتنەوەی حەماسیان دروستکرد

### گروپی حەماس

ساڵی 1997 پاش مۆرکردنی رێککەوتننامەی تاران لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیو بزووتنەوەی ئیسلامیدا کە تێیدا هەردوولا لەسەر چەند خاڵێکی گرنگی وەك راگرتنی شەڕ لەنێوانیانو پابەندبونی بزووتنەوەی ئیسلامی بەئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستانو بەشداربوونی لەکابینەی حکومەتدا رێککەوتن ، توندڕەوەکانی ناو بزووتنەوەی





ئیسلامی مقۆمقۆی ئەوەیان دەست پێکرد کەئایا بەشداریکردن لەتەك یەکێتیی نیشتمانی لە حکومەتێکی عەلمانیدا لەرووی شەرعەوە حەڵاڵە یان ناو ئایا ئەو وەزیرانەی خزمەتی ئەو حکومەتە دەکەن چیتر خزمەتی ئیسلامیان پێ دەکرێ یان نا.

مەلاعوسمان عەبدولعەزیزی رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی لە چوار لاوە گوشاری دژواری لەسەر بوو. لەلایەك کە لەساڵی 1996دا رازی ببوو بەشداری لەو حکومەتەدا بکا کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەهەولێر بەسەرۆکایەتیی دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس پێکی هێنابوو و لەم سۆنگەیەوە پۆستی وەزاریی لەو حکومەتەدا بۆ حزبەکەی دابین کردبوو. بۆیە هەر نزیکبونەوەیەکی مەلا عوسمان لە یەکێتیی نیشتمانی لێی رادەبینرا ببێتە مایەی گرژبوونی پێوەندییەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتدا، وەك دواتریش هەر وای لێ هات. لەلایەکی ترەوە، یەکێتیی نیشتمانی تینی بۆ هێنابوو چونکە زۆربەی هەرە زۆری بارەگاکانو قورسایی سەرەکیی حزبەکەی لەو ناوچەیەدا بوو کەحکومەتی یەکێتیی نیشتمانی بەڕێوەی دەبرد،

ئەمەش دۆخێکی هەستیاری بۆ دروست کردبوو، چونکه هەر مامەڵەکردنێکی لەگەڵ ئەو حکومەتەدا کاری دەکردە سەر راستگۆیی پێوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتەکەی پارتی دیموکرات لەهەولێر. لەلایەکی دیکەوە، ئێرانییەکان پێیان باش بوو بزووتنەوەی ئیسلامی پێوەندییەکانی خۆی لەسەر بنەمای رەچاوکردنی فاکتەرە جوگرافییەکان رێك بخاتەوەو بەهەڵوێستی خۆیدا سەبارەت بە حکومەتەکەی یەکێتیی نیشتمانیدا بچێتەوە. سەرباری ئەوەی، مەلاعوسمان رووبەرووی نارەزاییەکی زۆری تەوژمە هەرە توندرەوەکانی ناو حزبەکەی خۆی ببۆوە کە داوایان دەکرد دەست لەجیهاد لەدژی یەکێتی نیشتمانی هەڵنەگیرێ. بەڵام دواجار مەلاعوسمان بریاری ئاشتبوونەوەیداو رێککەوتننامەکەی ئیمزا کرد.

ئەم ئاڵوگۆڕە سیاسییانە بەشێکی زۆری ئەندامە توندرەوەکانی بزووتنەوەیان هاندا واز بێنن. ئەوانەی وازیان هێنا پێیان وابوو بزووتنەوە دەستبەرداری پەیامەکەی خۆی بووە کە بەرپەرچدانەوەی عەلمانیەتەو





وایان دەڕوانییە بەشداربوونی بزووتنەوە لە حکومەتەکەی یەکێتیی نیشتمانیدا کە ساتوسەودایەکە لەگەڵ لایەنێك کە تەنها شایستەی ئەوەیە شەڕی لەگەڵدا بکرێ، نەك بەشداری لە حکومەتەکەیدا. وازهێنەرەکان لەو فاکتەرانە نەدەگەیشتن کە مەلاعوسمان عەبدولعەزیزیان هانداوە بەلای دۆستایەتیکردنی یەکێتیی نیشتمانیدا داشکێنێ‌و زیاتر لایەنە ئایدیۆلۆژییەکەیان بەلاوە مەبەست بوو کەهانی دەدان هەموو جۆرە ساتوسەودایەك لەگەڵ لایەنە عەلمانییەکاندا رەت بکەنەوە.

زۆربەی ئەوانەی لەبەر ئەم هۆیە لە بزووتنەوەی ئیسلامی جیا بوونەوە باوەڕیان وابوو کە بەکارهێنانی زەبروزەنگ تاکە رێوشوێنە بۆ دامەزراندنی ئیمارەتێکی ئیسلامی‌و ئەو حکومەتەی کە یەکێتیی

نیشتمانی پێکی هێناوە حکومەتێکە نوێنەرایەتیی ئیسلام ناکاو دەبێ هەوڵی بێ وچان بۆ رووخاندنی بدرێ.

ئەگەرچی لەسەرەتادا لەنێو ئەندامە جیابووەوەکاندا هیچ دیدێکی روون بۆ چۆنێتیی هەڵسوڕان، پاش جیابونەوە لەبزووتنەوەی ئیسلامی نەبوو، بەڵام دواتر وردە وردە بەشێکیان چوونە سەر ئەو باوەڕەی کە مادامەکێ ئەوان جێیان لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا نابێتەوەو مادامەکێ بزووتنەوە دەستبەرداری پەیامی جیهادیی خۆی بووە، دەشێ ئەوان ریکخراوێك بۆ گەشاندنەوەی بیرۆکەی جیهاد دروست بکەن.

ئەوانەی لەدەوری حەسەن سۆفی کۆ بوونەوە، پاش تاوتوێکردنێکی زۆر چوونە سەر ئەو باوەڕەی کە پێویستە رێکخراوێکی ئیسلامیی تازە بۆ ئەنجامدانی





ئەو ئەرکانەی کە بزووتنەوەی ئیسلامی ئەنجامی نەداوە، پێك بێنن. ئەو رێکخراوەی زادەی تاوتوێکردنەکە بوو، ناو نرا بزووتنەوەی حەماسی ئیسلامی، ناوێك کە یارمەتیمان دەدا چۆنێتیی بیرکردنەوەی ئەم گروپە بەچاکی تێبگەین بەو پێیەی کەئەم ناوە لە ناوی رێکخراوی فەلەستینیی حەماسەوە وەرگیراوە.

دەستەی دامەزرێنەر پێکهاتبوون لە حەسەن سۆفی، عومەر بازیانی، کامەران مۆریاسی، دڵشادە سوری کەلاری، ئازاد عەزیزی کەلارو ئەبو جیهادی سلێمانی.

حەسەن سۆفیی دامەزرێنەری حەماس زیاتر لەژێر کاریگەریی بیرو بۆچوونەکانی چەند بیریارێکی رادیکاڵی عەرەبدا بوو وەك ئەبو بەسیری یەمەنیو ئەبو محەمەد مەقدسیو ئەبو قەتادەی فەلەستینی کە

لەنووسینەکانیاندا دیموکراسی‌و فرە حزبی بەکوفرو ئیلحاد دادەنێن‌و وا سەیری مێژوو دەکەن کە لەپەیدابوونی ئیسلامەوە دەست پێ دەکاو تەنها یەك سیستمی سیاسی بەکەڵکی مرۆڤایەتی دێ کەخەلافەتی ئیسلامییەو جگە لەمە هەرچی هەیە بەکەڵکی مرۆڤو خواپەرستی نایە.

هیچ یەکێ لەدامەزرێنەرانی حەماس هیچ ئەزمونێکی سیاسیی نەبوو و زۆربەیان رۆشنبیرییەکی سیاسیی کرچ‌و کاڵیان هەبوو و زیاتر مەسەلەکانیان وا کۆبەند دەکرد کە لەجیهاندا ئیسلام‌و دژە ئیسلام هەیەو هەرچی دژی ئیسلامە شایستەی کوشتنەو تەنها یەك رێباز لەژیاندا راستە ئەویش رێبازی جیهادە لەپێناوی سەرخستنی ئیسلامدا. هەمو دامەزرێنەرانی حەماس سەرەڕای ئەوەی کە بەشێکیان شاری بوون، بەلام کەلتوری لادێ بەسەریاندا زاڵ بوو





و هەر هەمووشیان نەیانتوانیبوو پێگەیەکی کۆمەلایەتیی شایستە بەدەست بێنن. ئەوانە هەموویان بڕوای تەواویان بەوە هەبوو کە ئەرکی ئەوان لەژیاندا تەنها بەپەرستنی خوا داناکەوێ، بەڵکو دەبێ کۆمەڵ لە جاهیلییەت رزگار بکرێ‌و بکرێتەوە بە موسڵمان.

ڕێکخراوی حەماس دیدێکی روونی بۆ مەسەلەکان نەبوو و زیاتر وەك گروپێکی توندڕەوی ناڕازی لەسیاسەتی بزووتنەوەی ئیسلامی‌و رق هەڵگرتوو لەیەکێتیی نیشتمانی خۆی دەنواندو داوای دەکرد هەڵمەتێکی فراوان بۆ لەناوبردنی یەکێتیی نیشتمانی ئەنجام بدرێ. حەسەن سۆفی، رابەری گروپەکە، لەخۆی رانەدەبینی هیچ مەسەلەیەك بەنەرمی چارەسەر بکات‌و لەسەرەنجامدا هەڵوێستە توندەکانی بەرامبەر بەبزووتنەوەی ئیسلامی‌و هەڵسوڕانی سیاسیی لەناو

ئەندامانی بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ هاندانیان لەدژی سەرکردەکانیان، گێچەڵێکی زۆریان بۆی نایەوە.

دواتر مەسەلەکە بەو ئەنجامە گەیشت کە سەرکردەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لەخورماڵ، دڵشاد کەلاریو مەلا مەروانو کەمال حسێن، هەڕەشەی ترسناکیان لەحەسەن سۆفیکرد کە ئەگەر خۆیو گروپەکەی واز لەگێرەشێوێنی نەهێنن، لەخورماڵ دەریاندەکەن. ئەم تەنگژەیە یەکەم تەنگەژەی سەختی نێوان بزووتنەوەی ئیسلامیو گروپی حەماس بوو کە ئەگەر بەزوویی کۆنترۆڵ نەکرایە، ڕەنگە گێچەڵی گەورەتری لێ بکەوتایەتەوە.

تەنگژەکە بەوە چارەسەر کرا کەهەندێ لەئەندامانی ناو بزووتنەوەی ئیسلامی، لەوانە ئەحمەد سالار، توانییان هەردوولا بگەیەنن بەڕێککەوتنێکی سەرزارەکی کە بەهۆیەوە بزووتنەوەی ئیسلامی رازی





بوو لەناوچەکەدا بمێننەوە بەو مەرجەی کە ئەندامانی حەماس هیچ هەڵسوڕانێکی سیاسیی هاندەرانە لەنێو ئەندامانی بزووتنەوەی ئیسلامیدا ئەنجام نەدەن.

ئەگەرچی هەردوولا بەسەرزارەکی بەڕێککەوتنەکە رازی بوون، بەڵام هەردووکیشیان بەدڵیان نەبوو. سەرکردەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لەخورماڵ لەوە دڵنیا نەبوون کە دەتوانن هەڵسوڕانی سیاسیی ئەو گروپە یاخییە کۆنترۆڵ بکەنو پاش ڕێککەوتنەکەش هەر لێیان خانەگومانبوون. ئەندامەکانی حەماسیش بۆ خۆیان بە سوکایەتییان دەزانی کەجڵەویان بگیرێو هەڵسوڕانی سیاسییان لێ قەدەغە بکرێ. لەبەر ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو کە پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکە زۆر درێژە نەکێشێ. بەڵام ئەوەی دەستپێشخەریی لەپێشێل کردنی ڕێککەوتنەکە کرد، حەماس نەبوو، بەڵکو بزووتنەوەی ئیسلامی بوو.

لەئاڵوگۆڕێکی دراماتیکیدا سەرکردەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لەخورماڵ لەکۆبوونەوەیەکی خۆیاندا بڕیاری دەستگیرکردنی سەرانی حەماسیاندا. بەڵام بەر لەوەی دەست بەجێبەجێکردنی بڕیارەکە بکرێ، هەندێ لەدۆستانی حەماس لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا هەواڵەکەیان بۆ حەماس دزە پێ کرد.

یەك رۆژ بەر لەوەی دەست بەڕاونانیان بکرێ، ئەندامانی حەماس بارەگای خۆیان بەجێ هێشتو خۆیان لەچیای پشت گوندی بانی شار شاردەوە. هەفتەیەکی نەبرد، دوو کەس لەدامەزرێنەرانی حەماس، ئازاد عەزیزو ئەبو جیهاد، لەژیانی راونراوان بێزار بوونو بەوانی تریان راگەیاند کەواز لەحەماس دێنو دەچنەوە بۆ ناو ریزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی. بڕیارەکەشیان بەکردەوە جێبەجێ کرد. ئەمە کاریگەریی خراپی لەسەر ئەندامەکانی‌تر بەجێ





هێشت، بەڵام نەك بەو ئەندازەیەی کەواز لەبیرۆکەکە بێنن.

جگە لەهەڵمەتی گرتنی لایەنگرانی حەماس لە خورماڵ، هیچ هێرشێك نەکرایە سەر ئەو ئەندامانەی حەماس کە لەچیاکاندا خۆیان شاردبۆوە، بەڵام ئەوانە لەژێر هەڕەشەدا ژیانیان بردە سەر. بەدرێژایی چەندین مانگ حەسەن سۆفی بەو بەڵێنەی پابەند بوو کەهیچ گێچەڵێك بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی نانێتەوەو ئەندامەکانی لەدژی سەرکردەکانیان هان نادا. لەڕاستیدا حەماس، سەرەڕای بچوکیی، دۆستو لایەنگرانێکی زۆری لەناو ریزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیدا هەبوو، بەڵام ئەوەی وای کرد ژمارەیەکی کەمی ئەندامانی بزووتنەوەی ئیسلامی پێوەندیی پێوە بکەن، توانای ماددیی کزی گروپەکە بوو کە

لەخۆی رانەدەبینی بتوانێ ژمارەیەکی زۆر چەکدار بەخێو بکات.

لەسەرەتای ساڵی 1999دا رووداوێکی گورچکبڕ کاریگەریی زۆری لەسەر حەماس بەجێ هێشت. حەسەن سۆفیی رابەری گروپەکە بەدزییە چووبووە هەڵەبجەو ماوەیەك لەوێ، لەلای ئەندامانی گروپەکەی، خۆی شاردبۆوە. زۆری نەبرد هەواڵی کوژرانی حەسەن سۆفی بەسەرکردەکانی تری حەماس گەیشتو وردەکارییەکانی کوشتنەکەی هەر بەتەمومژی مایەوە.

دە رۆژ پاش کوژرانی حەسەن سۆفی، بزووتنەوەی ئیسلامی هەڵمەتێکی بۆ گرتنو راونانی ئەندامانی حەماس دەست پێ کردو لەو هەڵمەتەدا سێ لە دامەزرێنەرانی حەماس، عومەر بازیانیو کامەران مۆریاسیو دڵشاد عەزیز، لەناو خورماڵ دەستگیر کران.

بەدرێژایی دوو مانگ لەزیندانندا هیچ تۆمەتێك ئاراستەی دەستگیرکراوەکان نەکراو هیچ گوشارێکی جەستەییو سایکۆلۆژیشیان نەخرایە سەر. پاش دوو مانگ لەسەودایەکی ئاساییدا ئەندامە گیراوەکانی حەماس ئازادیی خۆیان بە هەڵوەشاندنەوەی حەماس کڕییەوە. ئەگەرچی هیچ شتێك نیشانی نەدەدا کە تا





چەند راستگۆن لەو پەیمانەیان، بەڵام بزووتنەوەی ئیسلامی ئامادە بوو بەپەیمانە سەرزارەکییەکەیان رازی بێ.

لێرە بەدواوە، ئەندامە دامەزرێنەرەکانی حەماس بڵاوەیان لێ کردو ماوەیەك لەسیاسەت دووركەوتنەوە، بەڵام هەر هەموویان بەردەوام لەژێر چاودێریدا مانەوە.

پاش حەسەن سۆفی، عومەر بازیانی ئەرکی هێشتنەوەی حەماسی بەزیندویی گرتە ئەستۆ. عومەر بازیانی، کەناوی راستەقینەی ئیبراهیم عەبدولکەریم عەزیز کەریمەو لەدایکبووی ساڵی 1971ی کەرکوکە، لەدۆخێکی سایکۆلۆژیی دژواردا پێوەندیی بەبزووتنەوەی ئیسلامییەوە کردبوو. مێژووی پێوەندیکردنی بۆ ساڵی 1991 دەگەڕێتەوە، کاتێك بەهۆی گەڕانەوەی هێزەکانی رژێمی عیراق بۆ کەرکوك ناچاربوو پەنا بۆ ئێران بەرێ. لەوێ، لەئۆردوگایەکی ئاوارەکان لەنزیك شارۆچکەی سەقز سێ مانگی ناخۆشی گوزەراند. هەر لەوێش بەهۆی دوو مەلاوە کە یەکێکیان سەر بەبزووتنەوەی ئیسلامی بوو و ئەویتریان سەر بە ئیخوانی موسلمین بوو، پێوەندییەکی سەرەتایی لەگەڵ بۆچوونەکانی ئیسلامی سیاسیدا پەیدا کرد. پاش گەڕانەوەی بۆ

کەرکوك، چۆوە سەر خوێندنو شەشی ئامادەیی تەواو کرد، بەڵام باری ئابووریی خراپی رێی پێنەدا درێژە بەخوێندن بداو لەم سۆنگەیەوە ماوەیەك دوکانێکی بچوکی بۆ خۆی دانا. هیچ شتێك ئاماژە بۆ ئەوە ناکا کە لەو ماوەیەدا، پێوەندیی نهێنیی بەبزووتنەوەی ئیسلامییەوە هەبووبێ، بەڵام پێدەچێ لەو ماوەیەدا بڕیاری دابێ بچێتە ریزەکانیەوە. بۆیە ساڵی1992 کەرکوکی بەجێ هێشتو رووی کردە سلێمانیو دەمو دەست پێوەندیی بەمەڵبەندی شەشەوە کرد. حەوت مانگ پاش پێوەندیی بەبزووتنەوەی ئیسلامییەوە پلەی ئەمیری پێ درا. پێ بەخشینی ئەم پلەیە دەشێ ئاماژە بێ بۆ بەهرەکانی لەبواری رێکخستنی چەکدارەکاندا. بۆ ماوەی نزیکەی ساڵێك ئەمیری تیپ بوو. بازیانی دەیتوانی لەوە زیاتر گەشە بکا، بەڵام ئەوەی رێی لەو گەشەکردنەی لەناو بزووتنەوەدا گرت ئەوە بوو کە لەکاتی شەڕی نێوان یەکێتیی نیشتمانیو بزووتنەوەی ئیسلامیدا لەساڵی1993دا بەپێچەوانەی ئەوەی کە لێی چاوەڕوان دەکرا، هەڵوێستێکی دلێرانەی نەنواندو پاش برانەوەی شەڕەکە بەچەند مانگێك خۆیو پێنج چەکداری تر لەدەوروبەری شارۆچکەی عەربەت خۆیان تەسلیم بەهێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی کرد. ئەم ئەزمونە





رقێکی زۆری بەرامبەر بەیەکێتیی نیشتمانی لەلا دروست کردو هانی دا بەدزییەوە پێوەندی بەبزووتنەوەی ئیسلامی بکاتەوە، ئەگەرچی بەڵێنیدابوو کەچیتر پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامیدا دانامەزرێنێ. دواتر، سلێمانیی بەجێ هێشتو چوو بۆ خورماڵ کە لەوکاتەدا لەژێر دەستی بزووتنەوەی ئیسلامیدا بوو و لەوێدا عەبدولحەمید کەرکوکیی ئەمیری هێزی کەرکوك خستیە پاڵ هێزەکەیەوە. بەڵام لەوێ باری ئابووریی بەرەو خراپبوون چوو و ناچار بوو واز لەچەکداری بێنێو دەست بەدوکانداری بکا.

کاتێك بازیانی لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی حەماسی گرتە دەست، بارودۆخی گروپەکە لە هەموو روویەکەوە لەوپەڕی خراپیدا بوو، بەڵام سووربونێك لەلای ئەندامانی حەماس لەسەر خۆڕاگرتن لەئارادا بوو.

## ئەبو قەتادەی فەلەستینی
## نوێنەرانی حەماسی هاندا بچن بۆ ئەفغانستان

تا سەرەتای ئەیلولی ساڵی 1999 لەنێو ئەندامانی حەماسدا کەس بەخەیاڵیدا نەدەهات پێوەندی بەئەفغانستانەوە بکات. ئەم بیرۆکەیە درەنگ لەناو حەماس دا چەکەرەی کرد. کاتێك ئەم بیرۆکەیە تاوتوێ کرا, حەماس بەرەسمی هەڵوەشا بۆوە، بەڵام پێوەندیی گیانیی نێوان ئەندامەکانی هەر بەگەرم‌و گوڕی مابۆوەو عومەر بازیانی تازە بەتازە بەدزییەوە تەونی ڕێکخراوەیی گروپەکەی دروست دەکردەوە.





مێژووی یەکەم پێوەندیی نێوان حەماس‌و کوردە ئەفغانەکان بۆ ساڵی 1999 دەگەڕێتەوە, کاتێك دانیشتنێك لەخورماڵ, کەپێدەچێ پێشوەخت ئامادەکاریی بۆ کرابێ, بازیانیی بەکوردێکی ئەفغان بەناوی ئەبو جەعفەرەوە ناساند. ئەبو جەعفەر بەهۆی ئەوەی کەدەیان جار هامۆشۆی نێوان ئەفغانستان‌و کوردستانی کردبوو, شارەزاییەکی تەواوی لەچۆنێتیی گەیشتن بەئەفغانستان پەیدا کردبوو. هەمو ئەوانەی کەئەبو جەعفەر لەسەردانەکانیدا سەری لێ دەدان, هیچیان دەربارەی ڕەچەڵەکی نەدەزانی‌و جگە لەچەند کەسێك لەسەرکردەکانی بزووتنەوەی یەکبوون, کەم کەس هۆی سەردانەکەی ئەم کابرایەی دەزانی. ئەبو جەعفەر هەمیشە بەشانازییەوە باسی نەبەردەکانی خۆی لەئەفغانستاندا لەدژی هێزەکانی روس‌و حکومەتەکەی نەجیبوڵڵا دەکردو هەمیشە بەجۆرێك

باسی ئەفغانستانی دەکرد کەتاکە ولاّتە لەجیهاندا ئیسلام تێیدا بەتەواوەتیو بەدروستیو بەبێ خەوشو کەموکوڕی جێبەجێ دەکرێ. ئەبو جەعفەر کەزیاتر لەگروپی حیکمەتیارەوە نزیك بوو زیاتر سەردانی سەرانی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەهەولێر دەکرد، بەلاّم ناوبەناویش لەوێوە دەچوو بۆ خورمالّ.

لەخورمالّ, عوسمان مەحمود کەپاش روخانی رژێمی بەعس چوو بۆ بەغداو پێوەندیی بەگروپەکەی ئەبو موسعەبی زەرقاوییەوە کرد, دانیشتنێکی لەنێوان ئەبو جەعفەرو عومەر بازیانی ساز کرد. کاتێك بازیانی لەمالّی عوسمان دەرچوو, بیری چوون بۆ ئەفغانستان لەمێشکیدا خەریکی گەلاّلّەبوون بوو. بۆ بازیانی, ئەفغانستان کۆمەلّێك گیروگرفتی لەکۆلّ دەکردەوە لەوانە گیروگرفتەکانی لەگەلّ بزووتنەوەی





یەکبون داو دۆزینەوەی شوێنێك کەدەکرێ لەوێدا نیشتەجێ بێ یاخود لەوێوە پشتگیری بکرێ.

ئەبو جەعفەر کەپێدەچێ مەبەستی بووبێ بازیانی بۆ ئەفغانستان بنێرێو پێدەچێ پێشەکیش لەرێی عوسمان مەحمودەوە سەرو دەری لەکێشەکەی حەماسو بزووتنەوەی ئیسلامی دەرکردبێ, داوای لەبازیانی کرد هەر کات چوو بۆ ئێران, لەتاران پێوەندی بەئۆفیسی گروپی حیکمەتیارەوە بکاو بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی چوون بۆ ئەفغانستان داوای لێ کرد پێوەندی بەئەبو قەتادەی فەلەستینییەوە بکاو ژمارەی فاکسی ئەم کابرایەشی دایێ. ئەبو قەتادە لە لەندەن دادەنیشت.

یەك مانگ پاش ئەم کۆبوونەوەیە, بازیانی خورمالّی بەجێ هێشتو تا ئەو کاتە لای کەسی نەدرکاندبوو کە بەنیازی چوونە بۆ ئەفغانستان.

لەسلێمانی, لەگەڕەکی زەرگەتەی کۆن خانویەکی بەکرێ گرتو لەو ماوەیەدا ئەوەندەی پێیکرا هەوڵیدا جموجۆڵەکانی خۆی کەم بکاتەوە بۆ ئەوەی تووشی گێچەڵ نەبێ لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیو بزووتنەوەی یەکبوندا.

لەزەرگەتەی کۆن بازیانی ناردی بەدوای چەند ئەندامێکی کۆنی حەماسدا لەوانە (کامەران مۆریاسی, دڵشاد عەزیز کەلاری, فوئاد کەرکوکی, ئەبو قەتادەی هەولێریو ڕەسول) و لەکۆبونەوەدا پێشنیاری چوون بۆ ئەفغانستانی خستە ڕوو. بازیانی وا پاساوی هێنایەوە کە لەکوردستاندا بیری جیهادکردن کاڵ بۆتەوەو باشتر وایە بچن بۆ ئەفغانستان بۆ ئەوەی لەوێ ئەرکی جیهادیی خۆیان جێبەجێ بکەنو ڕێنمایی لەسەرانی ڕێکخراوی قاعیدە وەرگرن.





لەو کۆبوونەوەیەدا مۆریاسیو کەلاری لەبەر هۆی جیاواز بەپیر پێشنیارەکەی بازیانیەوە نەچوون، بەڵام لەهەمان کاتدا دژی ئەوە نەبوون سەردانی ئەفغانستان بکرێ. گەورەترین گیروگرفت لەبەردەم ئەو دەستەیەی کەئامادەیی تێدا بوو بچێ بۆ ئەفغانستان, گیروگرفتی ماددی بوو. بازیانی پێشنیاری کرد, وەك ئەبو جەعفەر داوای لێ کردبو, بەفاکس پێوەندی بەئەبو قەتادەی فەلەستینییەوە بکەنو داوای یارمەتیی دارایی لێ بکەن تا پێی بگەن بەئەفغانستان.

هەفتەیەك پاش فاکسەکەی بازیانی, ئەبو قەتادەی فەلەستینی لەفاکسێکدا هانیدان بچن بۆ ئەفغانستانو لەڕێی نوسینگەیەکی ناردنی پارەوە لەسلێمانی, بڕی 1500 دۆلاری بۆ ناردن. ئیتر لەکۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی 1999دا

دەستەیەکی سێ کەسی‌ی باڵی حەماس کەپێکهاتبوو لەبازیانی, فوئاد کەرکوکی‌و ئەبو قەتادەی هەولێری, هەمو ئامادەکارییەکیان بۆ چوون بۆ ئەفغانستان ئامادە کردبوو.

## سەردانی بارەگای گروپی تەوحید لەبناری قەندیل

گروپی حەماس پاش ئەوەی بڕیاریدا چەند نوێنەرێك بۆ ئەفغانستان بنێرێ, راو بۆچوون لەسەر ئەوە ساغ بۆوە کەپێش رۆیشتنی وەفدەکە, سەردانێکی گروپی تەوحید بکرێ کەبارەگایەکیان





لەبناری قەندیل دانابوو و لەهەوڵی ئەوەدا بوون کەبارەگایەکیتر لەحاجی ئۆمەران بکەنەوە.

نوێنەرانی حەماس لەو سەفەرەدا بریتیبوون لە(عومەر بازیانی, ئەبو قەتادەو ئیدریس)و لەبناری قەندیل لەگەڵ (ئەبو بەسیر, ئەبو بەکری تەوحید, ئەبو جیهادی هەولێری‌و ئەبو برا) کۆبوونەوە. خاڵی سەرەکیی هاوبەشی نێوان هەردوو گروپ ئەوە بوو کەهەردووکیان لەبزووتنەوەی یەکبوون جیا بووبوونەوەو رادیکاڵترین کەسانیان لەخۆ گرتبوو. لەو کۆبونەوەیەدا ئەندامانی حەماس جیابوونەوەی تەوحیدیان لەبزووتنەوەی یەکبوون بەکارێکی رەوا دایە قەڵەم، بەڵام لەسەر شێوەی جیابونەوەکە سەرنج‌و رای تایبەتیان هەبوو.

ئەگەرچی دیدارەکە لەبنەڕەتدا دیدارێکی پرۆتۆکۆلی بوو، بەڵام دواتر بوو بەهۆی زیاتر لێك

**نزیکبوونەوەی هەردوو گروپ. پاشان لەدانیشتنێکی دوقۆڵیی بازیانیو ئەبو بەسیردا, بازیانی باسی ئەوەی کرد کە بەنیازن سەردانێکی ئەفغانستان بکەنو پێوەندی بەرێکخراوی قاعیدەوە بکەن, ئەبو بەسیریش کارەکەی پێ باش بوو و بازیانیی راسپارد کەبەناوی تەوحیدیشەوە قسە بکاو داوای یارمەتیی ماددی بۆ هەردووکیان بکا. بەمجۆرە نوێنەرانی حەماس کە بەنیاز بوون سەردانی ئەفغانستان بکەن, تەخویلێکی سەرزارەکییان لەسەرانی تەوحید وەرگرت کە بەناوی ئەوانیشەوە لەگەڵ رێکخراوی قاعیدەدا قسە بکەن.**

**دواتر, پاش گەڕانەوەی ئەندامانی حەماس لەقەندیلو لەگەرمەی خۆئامادەکردنیاندا بۆ چوون بۆ ئەفغانستان, پێکدادانە سەختەکەی نێوان گروپی تەوحیدو پارتی دیموکراتی کوردستان لەحاجی ئۆمەران روویدا کەبووە هۆی لەناوبردنی زۆربەی ئەو**





**ئەندامانەی تەوحید کە بەنیاز بوون بەزۆرو بەبێ وەرگرتنی رەزامەندیی پارتی دیموکرات بارەگا لەحاجی ئۆمەران دابنێن, لەوانە خودی ئەبو بەسیر کەئەمیری گروپەکە بوو.**

**ئەم رووداوە ئەندامانی حەماسی تاساندو بووە مایەی دواخستنی سەفەرەکەیان، چونکە حەماس بڕیاریدا چەند کەسێك بۆ پرسە بنێرێتە لای تەوحید لەبناری قەندیلو لەم رووەوە چەند ئەندامێکی حەماس, لەوانە عومەر بازیانی, بۆ دەربڕینی هاوخەمیی خۆیان، روویان کردە بارەگای تەوحید لەبناری قەندیل.**

**لەوێ بازیانی لە دانیشتنێکی دووقۆڵیدا بە ئەبوبەکری تەوحیدی راگەیاند کە بەنیازە خۆیو چەند ئەندامێکی گروپەکەی سەردانی ئەفغانستان بکەن، بەڵام ئەبوبەکری تەوحید کەتازە، پاش کوژرانی ئەبو**

بەسیر ببووە ئـەمیری تەوحیـد, سـەفەرەکەی پـێ بـاش نەبوو و داوای لەبازیانی کرد لەکوردستان بمێنێتـەوەو بۆ یەکەم جار قسەیەکی وای فڕێدا کە پێی خۆشە ببێ بەئەندامی تەوحید بۆ ئەوەی پێکەوە کـار بـۆ بەرنامـە سیاسییەکەی خۆیان بکەن، بەڵام بازیانی کەمەسەلەی چوونی بۆ ئەفغانسـتان یـەکلا کردبـۆوەو لـەم رووەوە پەشیمان نەبۆوە. لـەو بۆنەیـەدا بازیـانی بەئەبوبـەکری تەوحیـدی گـوت کەئـەبو بەسـیر، بـەر لـە کـوژرانی، رایسپاردبوو بەناوی تەوحیدیشـەوە لـەلای رێکخـراوی قاعیـدە قسـە بکـا, ئەبوبـەکریش لـەم بارەیـەوە لاری نەبوو.

لەم سەفەرەدا کە لەبنەڕەتدا بـەبێ بەرنامـە ئـەنجام درا, بازیانی پێشنیاری بۆ ئەبو بـەکری تەوحیـد کـرد کەواز لەهەوڵی کردنـەوەی بارەگـا لـەحاجی ئۆمـەران بێـننو بارەگایـان لـەبناری قەندیلـەوە بگوێزنـەوە بـۆ





چیای سورێن لەهەورامان. تەوحید پاش گفتوگۆیەکی کورت پێشنیارەکەی پەسەند کردو دواتر بارەگای بردە سـورێن. بارەگاکـە تـا یەکگرتنـەوەی تەوحیـد لەگـەڵ جوندولئیسلام دا لەسورێن مایەوەو پاش راگەیانـدنی یەکگرتنەکە, بۆ بیارە گوێزرایەوە.

## بەرەو ئەفغانستان

لەدوایین کۆبونەوەدا بڕیار درا ئەندامانی گروپەکە بەجیا سلێمانی بـەجێ بـێڵن و پاشـان لەسـیروان یـەك بگرنـەوە. بـەجۆرە, بازیـانی بەتـەنها بـەرەو سـیروان بەڕێکـەوتو فوئـاد کـەرکوکیو ئـەبو قـەتادەش بەیەکەوە. لەوێ, پاش ئەوەی یەکیان گرتەوە چوون بۆ خورمـاڵو دواتـر چـوونە سـەر سـنوری نێودەوڵـەتیی عیراق-ئێـرانو لـە شـوێنێکدا کـە لـەوێوە دەتـوانرێ بچنە سەر رێگای مەریوان- سنە, لەسـنور پەڕینـەوە.

بەنیسبەت بازیانی‌و ئەبو قەتادە ئەمە یەکەم جاربوو لەو شوێنە بەقاچاغ لەسنور بپەڕنەوە، بەلاّم بۆ فوئاد کەرکوکی وا نەبوو. فوئاد دەیان جار بەرێگاکەدا ڕۆیشتبوو و شارەزاییی تەواوی لەبارەیەوە هەبوو.

پاش ئەوەی گەیشتنە سنە, لەوێوە ڕوویانکردە تاران. نزیکەی دە ڕۆژێك لەلای هیوای برای عومەر بازیانی مانەوە کە ئەوسا کرێکاریی لەتاران دەکردو لەو ماوەیەدا فوئاد ئەرکی پێوەندیکردنی بەنوسینگەی حیکمەتیار گرتە ئەستۆ. کارکەرانی نوسینگەی حیکمەتیار ڕێنمایی دەستەکەیان کرد کەبچن بۆ زابول, کەشارۆچکەیەکە سەر بەهەرێمی سجستان‌و بلوجستانەو تەنها 30 کیلومەتر لەسنوری ئەفغانستانەوە دوورە.

لەتارانەوە بۆ زابول 14 سەعات بوو. پاش سەفەرێکی سەخت‌و پڕووکێنەر, بەلاّم بەبێ مەترسی,





گروپەکە گەیشتنە زابول‌و هەر لەگەڵ دابەزینیان لەئوتومبیل, کەسێکی ئەفغانی لێیان نزیك بۆوەو خۆی پێ ناساندن کەناوی حاجی موحەممەدوڵلا بوو و لەنوسینگەی حیکمەتیارەوە ڕاسپێردرا بوو لەگەراج پێشوازییان لێ بکا.

سەعاتێکی نەبرد, موحەممەدوڵلا پیکابێکی بۆ هێنان‌و داوای لێ کردن سواری پیکابەکە بن‌و دڵنیای کردنەوە کەبەبێ هیچ گیروگرفتێك دەگەنە ئەفغانستان.

سنوری ئێران لەگەڵ ئەفغانستاندا دورو درێژەو دەگاتە دەوروبەری هەزار کیلومەتر. لەدێر زەمانەوە هیچ حکومەتێکی ئێران ئەو سنورە دوورو درێژەی پێ کۆنترۆڵ نەکراوەو هەمیشە بەکراوەیی ماوەتەوە. لەراستیشدا ئێران, سنوری باکوری لێ دەرچێ کەروسەکان بەتەواوی کۆنترۆڵیان کردبوو, هەموو

سنورەکانی بەکراوەیی ماوەتەوە. لەم سۆنگەیەوە، بزاوتی هاتوچۆی نایاسایی لەنێوان ئەفغانستانو ئێراندا بەدرێژایی کات کراوە بووە.

پیکابەکە تا ناو سنوری ئەفغانستانی بردنو لەوێ بۆ خۆی گەڕایەوە. بەپێی ڕێنماییەکان، لەوێوە ڕێگایەك بەرەو شارۆچکەی زەرەنج دەچوو. تا شەو داهات هەرسێکیان خۆیان لەزەرەنج دۆزییەوەو یەکسەر روویانکردە بارەگای تالیبانو خۆیان وەکو کوردی عێراق ناساند کەهاتوون بۆ جیهادکردن پێوەندیی بەموجاهیدە عەرەبەکانەوە بکەن.

مەسەلەکە زۆر بەئاساییو بەبێ هیچ تەگەرەیەك بەڕێوە چوو. لەوە دەچوو خەڵکانێکی زۆر بەو ڕێگایەدا هاتوچۆیان کردبێو تەنانەت کەس هیچ پرسیارێکی لێ نەکردن. بۆ بەیانییەکەی، بەپێی ئەو ڕێنماییانەی وەریانگرتبوو، لەوێوە ئوتومبیلێکیان





بەکرێ گرتو روویان کردە قەندەهار. لەقەندەهار پاش کەمێك گەڕانو سۆراغ پرسین، ئەو شوێنەیان دۆزییەوە کەموجاهیدە عەرەبەکان بەڕێوەیان دەبردو ناونرابوو مەزافە، واتە میوانخانەو بەڕێوەبەرەکەی ئەبو عومەری میسری بوو.

## کۆبونەوەی نوێنەرانی حەماسو هێزی 2ی سۆران لەکابول

## بەئامادەبونی نوێنەرانی زەواهیریو بن لادن

مەزافەی قەندەهار شوێنێکی سەیرو سەرنج راکێش بوو. لەهەمو, ولاّتانی دنیا خەڵکی لێ کۆ ببۆوەو هەموشیان بەو مەبەستە لەوێبوون کەژیانی خۆیان بۆ وێرانکردنی شارستانێتیی رۆژئاواییو حکومەتە نائیسلامییەکان تەرخان بکەن.

سێ ئەندامەکەی حەماس خۆیان بەئەبو عومەری میسری ناساندو گوتیان کەئەوان لەکوردستان ئەبو جەعفەری کوردییان دیوەو هەر ئەویش بۆ ئەفغانستان ناردوونی. پێدەچێ ئەبو جەعفەر پێش ئەوان کەسانێکی زۆری بۆ ئەوێ ناردبێو ناوهێنانی, دڵنیایی دایە ئەبو عومەری میسری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داوای لێ کردن لەمیوانخانە بمێننەوە تا وەڵامیان دەداتەوە.





تا 20 رۆژ وەڵامیان نەدرایەوە. پێدەچوو لەو ماوەیەدا زانیارییان لەسەر کۆکرابێتەوەو پاش ئەو ماوەیە پێیان راگەیەنرا کەدەتوانن لەئەفغانستاندا بمێننەوە. ئەبو عومەر پێی راگەیاندن کەدانیشتنێکیان لەگەڵ ئوسامە بن لادن بۆ رێکدەخاو، تا ئەم مەسەلەیە رێکدەخرێ، دەتوانن سەردانی کابول بکەن.

## وتووێژەکانی وەفدی هێزی 2ی سۆران لەئەفغانستان

وەفدی هێزی 2ی سۆران کە لەلای قاعیدە بەوەفدی سەنتەری ئیسلامی ناسرابوو, پێش وەفدەکەی حەماس لەئەفغانستان بوو. پاش زنجیرە کۆبوونەوەیەك, وەفدی هێزی 2ی سۆران بڕی 600 هەزار دۆلاری بۆ کاروباری دروستکردنی

رێکخراوێکی رادیکاڵ لەکوردستاندا وەرگرتو بڕیار درا ئەبو عومەر لێپرسراوەتیی رێکخستنی پێوەندییەکانی نێوان قاعیدەو رێکخراوە تازەکە بگرێتە ئەستۆ.

ئەبو عومەر کەناوی تەواوی رافد ئیبراهیم فەتاحە, کوردێکی خانەقینی بوو لەعەشیرەتی باجەلانو لەدایکبووی ساڵی 1961ی بەغدا بوو. لەساڵی 1989وە پێوەندیی بەقاعیدەوە هەبوو و تا ساڵی 1990 لەجەلال ئابادا کاری لەگەڵ عەرەبە ئەفغانەکاندا کردبوو. لەماوەی نێوان 1992-1995دا لەدهۆك لەناو ریزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیدا کاری کردبوو و دواتر گەڕابۆوە بۆ ئەفغانستانو پێوەندیی بەکەتیبەی عەبدوللا عەززامەوە کردبوو. ساڵی 1999 لەکابول نیشتەجێ بوو بوو و لەمەزافەی (غولام بەچە)دا کاری کردبوو و





پاشان بەراسپاردەو لەسەر پێشنیاری ئەبو حەفس کرابوو بەئەندام لەلیژنەی ئەمنیی کابول.

پاش تاوتوێکردنی مەسەلەی رێکخستنی پێوەندیی نێوان هەردوولا, بڕیار درا ئاراس کە بەئەبو محەمەد ناسرابوو, ببێ بەنوێنەری رێکخراوە تازەکەو ئەرکی رێکخستنی پێوەندیی نێوان هەردوولا لەکوردستاندا بگرێتە ئەستۆو راستەوخۆ پێوەندیی بەئەبو عومەرەوە هەبێ.

## لەقەندەهارەوە بۆ کابول

ئەگەرچی کابول پایتەختی رەسمیی ئەفغانستان بوو، کەچی قەندەهار پایتەختە دینییەکەی بوو و بڕیارەکان لەوێوە دەردەچوون. بەڵام بۆ رێکخراوی قاعیدە, کابول بایەخی خۆی هەبوو و زۆربەی پێوەندییەکان لەوێ بەڕێوە دەچوون.

بازیانیو هاوەڵەکانی بەیاوەریی کوردێکی سوریا بەناوی موختار روویان کردە کابول. لەوە دەچوو موختاریش لەڕێی ئەبو جەعفەرەوە چووبێ بۆ ئەفغانستان، چونکە باسی دەکرد کەئەو بەر لەوەی بچێتە ئەفغانستان, لەسوریا ئەبو جەعفەری دیوە.

لەکابول بازیانیو دوو کەسەکەی یاوەری, پێوەندییان بەکوردێکەوە کرد ناوی ئەبوعەبدوڵلا بوو, وانەی قورئانی بەمناڵانی عەرەبە موجاهیدەکان دەگوتەوە. ئەبو عەبدوڵلا باسی نەکرد لەکەیەوە لەئەفغانستانە، بەڵام بەپێی جێگیربوونی لەکابولو گوتنەوەی وانەی قورئانو پێوەندیی فراوانی بەسەرانی تالیبانو حزبەکەی حیکمەتیارو رێکخراوی قاعیدەوە, پێدەچوو لەزووەوە لەئەفغانستان بێ. خودی خۆی ناوبەناو باسی دەکرد کە لەساڵانی هەشتادا شانبەشانی جەنگاوەرەکانی حیکمەتیار, لەدەوروبەری





جەلال ئابادا شەڕی سەختی لەگەڵ روسەکاندا کردووە.

ئەبو عەبدوڵلا کۆبوونەوەیەکی لەنێوان هەرسێکیانو ئیبن شێخ سازکرد. ئیبن شێخ بەرپرسێکی رێکخراوی قاعیدە بوو, ئەوسا سەرپەرشتیی سەربازگەی خلدنی دەکرد لەشاری خوستو هەزاران کەسی لەسەر جۆرەها چەكو تەقەمەنیو هونەری جەنگ مەشق پێ کردبوو و بەڕیشە خەڵکی لیبیا بوو. پاش ئەو کۆبوونەوەیە, ئەبو حەفس کە لەو کاتەدا لەسەربازگەی خلدن کاری دەکرد, پێی راگەیاندن کەچەند ئەندامێکی بزووتنەوەی ئیسلامی هاتوونەتە ئەفغانستانو بەنیازن لەبزووتنەوەی یەکبون جیا ببنەوەو رێکخراوێکی جیهادی دروست بکەن. لەقسەکانی ئەبو حەفس دیار بوو کەرێکخراوی قاعیدە لەبزووتنەوەی یەکبونی

ئیسلامی ڕانابینێ بتوانێ سەرکردایەتیی هەڵسوڕانێکی فراوانی ئیسلامگەرا لەنێو کورددا بکاو لەم ڕووەوە ئاماژە بۆ ئەوە کرا کەکوردستانی عیراق پێویستی بەڕێکخراوێکی ڕادیکاڵترو پتەوترە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. ئەبو حەفس باسی کرد کەئێستا سێ کەس لەوانەی ڕەنگە سەرکردایەتیی ڕێکخراوە تازەکەیان پێ بسپێردرێ, لەئەفغانستاندان بۆ وتووێژ. ئەو سێ کەسەش بریتیبون لە(عەلی وەلی, ئاسۆ هەولێریو ئەبو وائیل).

## ڕۆڵی ئەیمەن زەواهیری لەیەکخستنی باڵەکاندا

لەنێو سەرانی قاعیدەدا ئەیمەن زەواهیری لەهەمووان زیاتر پشتگیریی دروستکردنی ڕێکخراوێکی توندڕەوی لەکوردستانی عیراقدا دەکرد، کەببێتە باڵی کوردستانی ڕێکخراوی قاعیدە لەنێو





کوردداو هەندێ لەبەڵگەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەپێشنیازی دروست کردنی سەنتەری ئیسلامی بۆ پەروەردەکردنی لاوانی کورد لەسەر گیانی ئیسلامی ڕادیکال, ئەیمەن زەواهیریی لەپشتەوە بووە. زەواهیری باوەڕی بەسەرکردە کۆنەکان نەما بوو و زیاتر پشتیوانیی لەنەوەیەکی نوێی سەرکردە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان دەکردو بەرنامەیەکی وای بەدەستەوە بوو کە بۆ هەر وڵاتێك نەوەیەکی نوێی سەرکردە ڕادیکاڵە هەرە گورجو گۆڵەکان دەستەبەر بکا. پراکتیزە کردنی ئەم ئەزمونە، بەتایبەتی لەئیندۆنیسیاو کوردستاندا، جێپەنجەی ئەوی پێوەیە.

ئەیمەن زەواهیری لەکابول لەگەڵ (ئەبو وائیل, ئاسۆ هەولێریو عەلی وەلی) کۆبووەوەو لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری یەکجارەکی لەسەر دروستکردنی ڕێکخراوێکی جیهادیی سەر بەقاعیدە

لەکوردستانی عیراقدا دراو مەسەلەی ناوو پێکهاتەی شوراو هەڵسوڕانی سیاسیی رێکخراوەکە بۆ دامەزرێنەرانی رێکخراوەکە هێڵرایەوە. زەواهیری وەفدەکەی هاندا هەموو گروپە توندڕەوە بچوکەکان لەخۆ بگرن, بەتایبەتی گروپی حەماس کەئەوسا سێ کەسیان لەکابول بوون.

زەواهیری، ئەبو موسعەبی زەرقاویی راسپارد بۆ مەسەلەی رێکخستنی پێوەندیی نێوان قاعیدەو رێکخراوە تازەکە, لەگەڵیاندا کۆبێتەوەو هەماهەنگییان لەگەڵدا بکا. چەند رۆژێك پاش ئەم کۆبوونەوەیە, زەواهیری ناردی بەدوای نوێنەرەکانی حەماسدا کە لەو کاتەدا لەئەفغانستان بوون, واتە عومەر بازیانیو فوئاد کەرکوکیو ئەبو قەتادەو کۆبونەوەی پێکردنو هانیدان لەگەڵ ئەو گروپەدا یەك





بگرنەوە کە بەنیازن لەبزووتنەوەی یەکبوون جیا ببنەوەو رێکخراوێکی نوێ دروست بکەن.

گروپەکەی ئەبو وائلو ئاسۆ هەولێریو عەلی وەلی توانیبوویان سەرانی قاعیدە تێبگەیەنن کەرازیبوونی حەماس بەیەکگرتن لەگەڵیاندا کارێکی ئاسان نیە، بەتایبەتی لەو رووەوە کەکاتێك ئەندامانی حەماس لەلایەن بزووتنەوەی یەکبونەوە راو دەنران, ئەندامانی هێزی 2ی سۆران یەکێ لەو لایەنانە بوون کەزۆر تەنگیان بەو گروپە هەڵچنی بوو و لەم سۆنگەیەوە ئەستەمە ئەندامانی حەماس ئەم هەڵوێستەی هێزی 2ی سۆرانیان بەئاسانی لەبیر بچێتەوە. ئەبو موسعەبی سوری کەعەرەبێکی خەڵکی سوریا بوو و هەمیشە شانازیی بەوەوە دەکرد کەشان بەشانی بزووتنەوەی تالیبان شەڕی کردوەو لەنێو رێکخراوی قاعیدەدا سەر بەهیچ باڵێك نیە, لەسەر داوای ئەبو

موسعەبی زەرقاوی داوای لێکرا هەوڵی چارەسەرکردنی تەنگژەکە بداو هەردوولا لێك نزیك بکاتەوە.

لەکۆبوونەوەیەکدا کە لەکابول لەماڵی ئیبن شێخ گرێدرا، هەردوولا بۆ یەکەم جار لەئەفغانستان چاویان بەیەکتری کەوت: لەگروپی حەماس (عومەر بازیانی، فوئاد کەرکوکیو ئەبو قەتاد)ەو لەگروپەکەی تر(ئەبو وائل، ئاسۆ هەولێریو عەلی وەلی). لەو کۆبوونەوەیەدا گیروگرفتە کۆنەکانی نێوان هەردوو گروپ سەریان هەڵدایەوەو سەرەڕای هەوڵی بێ وچانی ئیبن شێخ بۆ لێکنزیککردنەوەی هەڵوێستەکان، کۆبوونەوەکە شتێکی ئەوتۆی لێ سەوز نەبوو.

پاش شکستی کۆبوونەوەکە، ئەبو موسعەبی سوری بڕیاریدا ئەمجارە ڕاستەوخۆ خۆی تێهەڵقورتێنێو کۆبوونەوە بەهەردوولا بکاو گوشار بخاتە سەر گروپی حەماس بۆ ڕازیبوون بەچوونە ناو ریزی ئەو ڕێکخراوەی کەنیازی دامەزراندنیان هەبوو. ئەم کۆبوونەوەیە هەندێ لەگرژییەکانی کەمکردەوەو ئەبو موسعەبی سوری هەموو توانای دپلوماسییانەی خۆی بۆ سازکردنی کۆبونەوەیەکی تر لەنێوان هەردولادا خستە گەڕ. ئەوەی ئەبو موسعەب ویستی هاتە دی.





بۆ ڕۆژی دواتر، هەردوو گروپ لەماڵی ئەبو موسعەبی سوری کۆبوونەوەو ئەبو موسعەب زیاتر جەختی لەسەر بایەخی یەکگرتنەوەی هەردوولا کردو پێی لەسەر ئەوە داگرت کەگروپی سەنتەری ئیسلامی، واتە ئەندامانی هێزی 2ی سۆران، قۆناغی باشیان بڕیوەو ئومێدی گەشەکردنیان لێدەکرێ ئەگەر گروپەکانی تری هاوشێوەیان بچنە پاڵیان. ئەگەرچی کۆبوونەوەکە بڕیاری یەکجارەکیی لێ نەکەوتەوە، بەڵام هەست بەوە دەکرا کەجۆرە لێك تێگەیشتنو لێك نزیکبونەوەیەك لەنێوانیاندا هاتۆتە دی. وەفدی حەماس هەڵوێستی یەکجارەکیی خۆی بەو جۆرە گوزارشت لێکرد کەئەگەر ئەندامانی هێزی 2ی سۆران لەبزووتنەوەی یەکبوون جیا ببنەوە، دەرفەتێکی لەبار بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵیاندا دێتە دی. ڕەوتی قسەکان دەری دەخا کە تا ئەو کاتە حەماس لەوە دڵنیا نەبوو کەهێزی 2ی سۆران توانای جیابوونەوەی هەیە. ئەمەش هۆی دودڵیی حەماس لەوەرگرتنی هەڵوێستێکی یەکجارەکی ڕوون دەکاتەوە، بەتایبەتی کەئەزمونی جیابوونەوەی حەماس ئەزمونێکی سەرکەوتوو نەبوو و زۆر کۆسپو گرفتو لەمپەرو کێشەی هاتە بەردەم.

دوا بەدوای ئەم کۆبوونەوەیە, ئەبو موسعەبی زەرقاوی بڕیاریدا خۆی لەگەڵ ئەندامەکانی حەماسدا کۆ ببێتەوەو تەنها پاش یەك رۆژ لە کۆبوونەوەکە, لەماڵی خۆی لەکابول داوەتی کردن. لەو کۆبونەوەیەدا زەرقاوی رای شەخسیی خۆی دەربڕی‌و دانی بەوەدا نا کەگروپەکەی (سەنتەری ئیسلامی)ی بەدڵ نیەو لێیان رانابینێ بتوانن لەبزووتنەوەی یەکبون جیا ببنەوەو ئەگەر توانییان جیا ببنەوە لێیان رانابینێ بتوانن ببن بەهێزێکی گەورەو کاریگەر. زەرقاوی هۆکانی رەشبینییەکەی روون نەکردەوە، بەڵام پێی لەسەر ئەوە داگرت کەئەو رێکخراوەی نیازی دامەزراندنیان هەیە, دەبێ لەهەموو گروپە ئیسلامییەکانی تری کوردستانی عیراق گەرم‌و گوڕترو بەجۆش‌و خرۆشتر بێ.

## بینینی ئوسامە بن لادن

تا ئەوان گەڕانەوە بۆ قەندەهار, ئەبو عومەری میسری هەلی دیدارێکی لەگەڵ ئوسامە بن لادنی سەرۆکی رێکخراوی قاعیدە رەخساندبوو و بەگەیشتنیان بردنی بۆ ئامۆژگەی شەرعی کەوەك خوێندنگەی ئایدیۆلۆژیی لایەنگرانی قاعیدە وابوو.





لەوێ چاویان بەبن لادن کەوت‌و کۆبوونەوەکە شتێکی تازەی تێدا نەگوترا، بەڵکو زیاتر وەك درێژپێدانی کۆبوونەوەکانی کابول هاتە بەرچاو. بن لادن جەختی لەسەر ئەوە کرد کەکوردستانی عیراق پێویستی بەرێکخراوێکی رادیکالترەو بێ ئومێدیی خۆی لەرێکخراوە ئیسلامییەکانی کوردستان دەربڕی‌و گروپی حەماس‌و تەوحیدی هاندا لەگەڵ هێزی 2ی سۆران یەك بگرنەوەو رێکخراوێکی بەهێز دروست بکەن. پاش کۆبوونەوەکە, بن لادن فەرمانی دا هەزار دۆلار بۆ گروپی حەماس‌و هەزاری تر بۆ تەوحید سەرف بکرێ.

## گەڕانەوە بۆ کوردستان

زۆری پێ نەچوو هەردولا بەجیا دەستیان بەگەڕانەوە بۆ کوردستان کرد. گروپە سێ‌کەسییەکەی هێزی 2ی سۆران کە بەگروپی سەنتەری ئیسلامی ناسرابوو لەسەر سنوری ئێران گیران‌و ئێرانییەکان هەرسێکیان راپێچی زاهیدان کردن‌و بۆ ماوەیەك

دەستگیریان کردن. پاشان ئازادیان کردن‌و ڕێیان پێ دان بەناو ئێراندا بگەڕێنەوە بۆ کوردستان.

گروپەکەی تر لەسەر سنوری ئێران هیچ کێشەیەکیان نەهاتە پێش. بەئاسانی لەسنور پەڕینەوەو چونە زابول‌و لەوێوە چونە زاهیدان‌و لەوێوە ڕوویان کردە تاران، بەڵام لەڕێگا بەر لەوەی بگەنە شاری یەزد مەفرەزەیەکی پۆلیس وەك کارێکی ڕۆتینی پاسەکەی ڕاگرت‌و بەهۆی ئەوەی کەهیچ بەڵگەیەکیان پێ نەبوو دەستگیری کردن. ئیتر بەهۆی ئەمەوە گروپەکە بۆ ماوەی دەوروبەری یەك مانگ لەزینداندا مایەوە. دواتر وەك ئەفغانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کراو هەر چی پارەیان پێ بوو لێیان سەنراو لەسەر سنوری ئەفغانستان-ئێران سنورداش کران. ئەوانیش گەڕانەوە بۆ قەندەهار.





لەقەندەهار بەر لەوەی جارێکی تر سەفەری گەڕانەوە دەست پێ بکەنەوە, بن لادن لەڕێی ئەبو عومەری میسرییەوە 1300دۆلاری بۆ ناردن‌و لێپرساوێکی تری قاعیدەش کەسعودی‌و ناوی ئەنجەش بوو بڕی 1400 دۆلاری پێدان‌و داوای لێ کردن بڕە پارەکە بگەیەنن بەگروپی تەوحید.

گروپەکە لەترسی ئەوەی ئەمجارەش لەسەر سنور یاخود لەناو ئێران بگیرێن, بڕیاریان دا ئەمجارە بەکۆمەڵ نەگەڕێنەوە. بۆیە سەرەتا ئەبو قەتادە بەتاقی تەنیا لەسنوریداو بەختی یار بوو, تا گەیشتە هەورامان هیچ تەگەرەیەك نەهاتە بەر ڕێی. پاشان عومەر بازیانی‌و فوئاد کەرکوکی بەجووتە لەسنور پەڕینەوەو بەبێ گرفت گەیشتنە تاران‌و لەوێوە خۆیان گەیاندە مەریوان‌و لەوێوە بۆ کوردستانی عیراق گەڕانەوە.

# نەسکی سێیەم

## گروپی تەوحید

ساڵی 1998 بێزارییەکی زۆر لەناو ئەندامانو کادیرانی بزووتنەوەی ئیسلامیدا بەدی دەکرا. ئەو ئەندامو کادیرانە بەجۆرێك پەروەردە کرابوون کەپێیان وابوو جیهاد فەریزەی شەشەمە لەپاڵ پێنج فەریزەکەی





شایەتمانو نوێژو رۆژوو گرتنو زەکاتو لەئاکامدا رەقێکی زۆر لەعیلمانییەکانو روخسارەکانی شارستانی لەدڵیان پەنگی خواردبۆوە. ئەو ئەندامو کادیرانە هەستیان بەجۆرە بێ ئومێدییەك دەکرد چونکە پێیان وابوو سەرکردایەتیی حزبەکەیان ئەوەندەی خەریکی پرۆسەی سیاسییە ئەوەندە بەتەنگ مەسەلەی جیهادو بەرپەرچدانەوەی عیلمانییەتەوە نیە.

ئەم جۆری پەروەردەیە ببووە بارێکی گران بەسەر ملی هەر سەرکردەیەکی ناو بزووتنەوەی ئیسلامی کەدەیویست سیاسەتێکی میانڕەوانە پیادە بکاتو بزووتنەوەی ئیسلامی تێکهەڵکێشی پرۆسەی سیاسی بکات.

لەهەولێر بەشێکی زۆری ئەندامو کادیرە نارازییەکانی ناو بزووتنەوەی ئیسلامی لەنێو خۆیاندا گروپێکیان پێکهێنا کەهیچ ناوێکی دیاریکراوی

نەبوو و زیاتر وەك رەهەندێکی فیکری وردە وردە گەڵاڵە دەبوو. ئەو ئەندامو کادیرانە بەبێ ئەوەی پرۆگرامێکی نووسراوو سەرکردایەتییەکی دیاریکراویان هەبێ، تا دەهات زیاتر لێك نزیك دەبوونەوەو لەمزگەوتەکان وانەیان دەگوتەوەو وەك بزاوتە وەهابیگەرە توندڕەوەکان هەموو روخسارێکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییان رەت دەکردەوەو باوەڕێکی وایان هەبوو کەکۆمەڵ بۆتەوە بەکۆمەڵێکی جاهیلی.

هەمو ئەندامانی ئەم گروپە کەللەرەقو بێ ئەزمونی سیاسیو بەتەمەن بچوك بوونو لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆربەیان لەخێزانە هەژارو مام ناوەنجییەکان بوون. ئەندامانی ئەم گروپە لەدەوری گەنجێك بەناوی ئەبو بەسیر کۆ بونەوە کەگیانی توندڕەویی لەناویاندا پەرەپێدا. پاشان ئەبو بەسیر لەگەڵ چەند کەسێکی تر وەك ئەبوبەکر کەدواتر





بەئەبوبەکری تەوحید ناسراو ئەبو جیهادی تەیراوە(جەوهەرە سور) گروپێکیان پێك هێنا کەزۆر لەژێر کاریگەریی بیروباوەڕەکانی سەید قوتبدا بوو.

پێکهێنانی ئەم گروپە مایەی ناڕەزایی بوو لەلایەن سەرکردەکانی وەك مەلا عەلی عەبدولعەزیزو عەلی باپیر، چونکە ئەم چەشنە گروپانە ریزی حزبەکەیان لەت لەت دەکردو دووبەرەکییان تێدا دروست دەکردو گۆبەندیشیان بۆ سیاسەتی گشتیی حزب دروست دەکردو هیچ رێزێکیان بۆ پابەندبوون بەڕێنماییو ئامۆژگارییەکانی سەرکردایەتی نەدەهێشت، تەنانەت کەسانێکی توندڕەوی وەکو مەلا کرێکاریش، کە لەڕووی فیکرییەوە زۆر لەو گروپەوە نزیك بوو، ئامۆژگاریی ئەندامەکانیان کرد کە هیچ بلۆکێك لەناو حزبدا دروست نەکەنو هیچ کارێك بۆ شێواندنی ئارامیی شارەکان ئەنجام نەدەن. رووداوەکانی دواتر

دەریانخست کە ئەندامانی تەوحید گوێیان لەهیچ ئامۆژگارییەك نەگرتووە، بەتایبەتی کەوەك چۆن لەناو حزب هەندێ لێپرسراو هەوڵی پەشیمانکردنەوەیان دەدان، لێپرسراوی تر هەبوون پشتیوانییان لێ دەکردنو هانیان دەدان چالاکی بنوێنن.

گروپەکە وای دانابوو کە وردە وردە مەفرەزەی چەکدار لەناو هەولێر دروست بکاتو لەشاخیش یەکەی چەکدار پێك بێنێو بەلاساییکردنەوەی ئەزمونی ئەفغانستان دەست بەدەستوەشاندن لەدامودەزگاکانی حکومەتو لێپرسراوە حزبیو حکومییەکان بکا، لەو ڕوانگەیەوە کە دەستە وەستان دانیشتن، کەمتەرخەمییە بەرامبەر بەئەرکی جیهاد کە لەئەستۆیاندایە. بەڵام بەر لەوەی دەست بە ئەنجامدانی ئەم بەرنامەیە بکرێ، ریزە هێرشێك بۆ سەر هەندێ شوێنی مەدەنی لەهەولێرو عەنکاوە ئەنجام درا وەك





ئارایشتگاکانی ژنان، دوکانەکانی مەی فرۆشتنو هەندێ کتێبخانەی وەك کتێبخانەی بیروهەروەها چەند کارێکی تیرۆرکردن بەدەمانچەی بێدەنگ ئەنجام درا کە بەشێکی قوربانییەکانی مەسیحی بوون.

دەزگای ئاسایش گومانی هەبوو کە ئەو هێرشانەی لەو ماوەیەدا لەلایەن چەند توندڕەوێکەوە کرانە سەر ئارایشتگاکانی ژنانو مەی فرۆشەکان دەستی ئەو گروپەی تێدا بێ. لەم سۆنگەیەوە مزگەوتەکان بەخەستی چاودێری کرانو وانە گوتنەوە تیایاندا قەدەغە کراو تەگبیری توند بۆ ریگرتن لەهێرش بۆ سەر ئارایشتگاکانو مەی فرۆشەکان ئەنجام درا. لەئاکامدا، ئەم تەگبیرانە بەشێوەیەکی خراپ کاریان کردە سەر پێوەندیی نێوان پارتی دیموکراتو بزووتنەوەی یەکبون.

پارتی دیموکرات جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە هەڵسورانی ئەو گروپانە پشتیوانیی هەندێ لەسەرکردەکانی بزووتنەوەی یەکبونی لەپشتە لەوانە مەلا سەلمان کەناوی تەواوی عەبدولقادر یاسین عەبدوڵلایەو ئەوسا جێگری لێپرسراوی پێوەندییە نیشتمانییەکانی بزووتنەوەی یەکبون بوو. لەم

**سۆنگەیەوە گوشارێکی زۆر خرایە سەر سەرکردایەتیی بزووتنەوەی یەکبون بۆ تەسلیمکردنی مەلا سەلان‌و لەهەمان کاتدا هەڵمەتێکی گرتن‌و راونانی گروپە توندڕەوەکان دەستی پێکرد.**

**هەڵمەتەکە تا رادەیەکی زۆر ئامانجەکانی خۆی بەدەستهێنا چونکە بووە هۆی پەرتەوازە بوونی گروپە توندڕەوەکان‌و وای کرد نەتوانن چیتر بەئاشکرا سود لەمزگەوتەکان وەرگرن‌و بیروباوەڕی خۆیانی لێ بڵاو بکەنەوە.**

**بەشێکی زۆری گروپە توندڕەوەکان بۆ خۆ دەربازکردن، خۆیان گەیاندە ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی پارتی دیموکرات‌و بەتایبەتی لەهەڵەبجەو سیروان‌و خورماڵ گیرسانەوە. ئەو گروپانە پاش ئەوەی یەکیان گرتەوە، کەوتنە خۆ رێکخستنەوەو زیاتر وەك باڵێکی سەربەخۆو جیا لەبزووتنەوەی یەکبون جموجوڵیان کرد. سەرکردایەتیی بزووتنەوەی یەکبون پاش ئەوەی چووە سەر ئەو بڕوایەی کە دەشێ هەڵسوڕانی هەڵەشەو بێ کۆنترۆڵی ئەم گروپانە گۆبەندی بۆ بنێتەوەو توشی شەڕی بکا لەگەڵ**





**یەکێتیی نیشتمانیدا، سنوری بۆ جموجۆڵیان داناو هەمو هەڵسوڕانێکی سیاسیی لێ قەدەغە کردن.**

**لەو ماوەیەدا ئەو گروپانە ژێر بەژێر خۆیان رێکخست‌و گروپێکی نهێنییان بەناوی کۆمەڵی تەوحیدی ئیسلامییەوە لەنیسانی پێکهێناو ئەبو بەسیریان بەئەمیر هەڵبژارد.**

**لەبەر ئەو فشارە زۆرەی لەسەریانبوو، سەرکردەکانی تەوحید لەبەهاری ساڵی 2000 کە تازە دروستبووبوون بڕیاریاندا بارەگای سەرەکیی سەرکردایەتییان ببەنە بناری قەندیل. بەڵام گروپەکە زیاتر وەك گروپێکی هەولێری مایەوەو سەرکردایەتییەکەی هەمیشە سەرگەرمی چالاکی نواندن بوو لەپارێزگای هەولێرو بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە بارەگایان لەبناری قەندیل بوو، بە بەردەوامی مەفرەزەیان دەناردە ناوچەی حاجی ئۆمەران‌و لەم رووەوە هەندێ گێچەڵیان لەناوچەکەدا نایەوە.**

**جموجوڵی مەفرەزەکانی تەوحید لەحاجی ئۆمەراندا ئاماژەیەك بوو بۆ داننەنان بەدەسەڵاتی پارتی دیموکرات لەناوچەکەدا، بۆیە لەهاوینی ساڵی2000 دا پارتی دیموکرات بە هێزێکی بەربڵاو هێرشێکی کتوپڕی کردە سەر مەفرەزەکانی تەوحید لەچیای کۆدۆو پاش شەڕێکی قورس، کە دەوروبەری هەشت**

سەعاتی خایاند، ئەبو بەسیرو زۆربەی هەرە زۆری چەکدارانی مەفرەزەکەی کوژرانو ئیتر لێرە بەدواوە تەوحید هیچ ئاسەوارێکی لەحاجی ئۆمەراندا نەما.

بەپێی وەسیەتی ئەبو بەسیر، ئەبوبەکری تەوحید کەناوی تەواوی ئەبوبەکر حسێن سەرحەدە رابەرایەتیی گروپەکەی گرتە ئەستۆ.

پاش ئەم رووداوە، تەوحید بارەگای بۆ چیای سورێن گواستەوە، بەڵام لەوێش زۆری نەبرد لەگەڵ هێزەکانی حزبی سۆسیالیست لێك گیر بوونو پێکدادان لەگوندی ریشێن لەنێوان هەردوولادا روویدا. دواتر، پێوەندیی نێوان هەردوولا بەپێی رێککەوتنێك کە مەلا عەلی عەبدولعەزیزی رابەری بزووتنەوەی یەکبونو ئاغای عەبادیی نوێنەری ئێران رێکیانخست، هێزەکانی تەوحید گوندەکەیان چۆڵ کردو گرفتی تریان نەنایەوە، بەڵام بنکەکانیان بەسەر گوندەکانی (هانە ئەحمەد، شایلۆغە، داڵەمێزو مەرداڵ)دا دابەش کرد.

گەورەترین ئۆپەراسیون کە گروپی تەوحید ئەنجامیدا، تیرۆرکردنی فرانسۆ هەریریی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکرات بوو لەهەولێر لەسەرەتای ساڵی 2001دا.





## نەسکی چوارەم

## یەکگرتنەوەی باڵەکان

لەناوەراستی هاوینی 2001دا لەخورماڵ گروپی حەماسو گروپی تەوحید لەسەر داوای عومەر بازیانی کۆبونەوەیەکیان سازدا. بازیانی گوتی کە رێکخراوی قاعیدە بیر لەدروستکردنی رێکخراوێکی ئیسلامیی رادیکاڵ لەکوردستاندا دەکاتەوەو لەم رووەوە ئەندامانی هێزی 2ی سۆرانی بزووتنەوەی یەکبون راسپێردراون کە لەبزووتنەوەی یەکبون جیا ببنەوەو رێکخراوێکی نوێ دروست بکەن. بازیانی ئەگەری بەشداربوونی حەماسو تەوحیدی لەپێکەوەنانی ئەو

رێکخراوە نوێیەدا هێنایە پێش. نوێنەرانی تەوحید بەگومانەوە باسی ئەگەری جیابونەوەی هێزی 2ی سۆرانیان کردو بۆچوونیان وابو کەسەرکردەکانی هێزی 2ی سۆران هێشتا خۆیان ساغ نەکردۆتەوەو دوای پارچەبوونی (بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی) لەنێوان (کۆمەڵی ئیسلامی)ی عەلی باپیرو(بزووتنەوەی یەکبون)ی مەلاعەلی عەبدولعەزیزدا بێلایەن ماونەتەوەو راگەیاندنی جیابوونەوە دەشێ ببێتە هۆی ئەوەی کە نە عەلی باپیر پێی رازی بێو نە مەلا عەلی عەبدولعەزیز.

نوێنەرانی تەوحید پێشنیاریان کرد کە لەبری ئەوەی باس لەجیابوونەوەی هێزی 2ی سۆران بکرێ، کاریگەرترە باس لە مەسەلەی یەکگرتنەوەی حەماس‌و تەوحید بکرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیە کتوپڕ سەری دەرهێنا، بڕیاری یەکجارەکیی لەسەر نەدرا.

لەکۆبوونەوەی حەماسدا بازیانی پێشنیازەکەی تەوحیدی خستە بەرچاوو توانی رەزامەندی لەسەر





هەڵوەشاندنەوەی یەکجارەکیی حەماس‌و چوونە ناو تەوحید بەدەستبێنێ. بەمجۆرە، حەماس بەرەسمی هەڵوەشایەوەو بازیانی وەك ئەندامی ئەنجومەنی شورای گروپی تەوحید وەرگیراو رێکخراوێك بەناوی بەرەی تەوحیدی ئیسلامییەوە راگەیەندرا.

## نۆ مانگ پشێوی

بزووتنەوەی یەکبون پشێوییەکی زۆری تێکەوتبوو و چەندین باڵی ناتەبای تێدا پەیدا ببوو. لە کۆنگرەی(1)دا کە لە ئابی 2000 بەسترا، سێ باڵی سەرەکی سەریان دەرهێنا کە بریتی بوون لەباڵی رابەری بزووتنەوەی یەکبون بەسەرکردایەتیی مەلا عەلی عەبدولعەزیزو باڵی ئەندامانی پێشووی بزووتنەوەی راپەڕین بەسەرکردایەتیی مەلا سدیق عەبدولعەزیزو باڵی عەلی باپیر. دواتر، رەوتی رووداوەکانی کۆنگرەکە دەریانخست کە دوو باڵەکەی مەلا سدیق عەبدولعەزیزو عەلی باپیر ژێر بەژێر لەدژی باڵی رابەر یەکیان گرتووە.

لەوکۆنگرەیەدا مەلا عەلی عەبدولعەزیز زۆر تەنگی پێ هەڵچنرا و ئەندامانی دوو باڵەکەیتر بۆ

شکاندنی باڵی رابەرو لەقکردنی پایەکانی، توانییان
چەندین هەڵەی زەق کە لەسەردەمی بزووتنەوەی
ئیسلامیو لەماوەی نێوان کۆنگرەی یەك و دوودا
روویاندا بوو بقۆزنەوە. هێرشەکان بە شێوەیەکی
تایبەت لەسەر سێ مەسەلەی سەرەکی چڕ کرانەوە کە
بریتی بوون لە:

**یەکەم:** تاکڕەویی رابەری بزووتنەوەی یەکبون و
پەیڕەو نەکردنی هیچ بنەمایەکی دیموکراتییانە لە
هەڵسوکەوتکردندا لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتیدا.

**دووەم:** هەڵسوکەوت و رەفتاری کورانی رابەری
بزووتنەوەی یەکبون کە بەگوتەی بەرهەڵستکارەکان
ببووە مایەی دەستێوەردانیان لە هەموو کاروبارە
ناوخۆییەکانداو وای کردبوو حزبەکە وەك حزبی
بنەماڵەی لێبێ.

**سێیەم:** مەسەلەی تەسلیمکردنەوەی 7
پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستان بە ئێران لە
ساڵی 1996دا. سەرەڕای گرژییەکان، کۆنگرەکە
بەشێوەیەکی ئاسایی کاروباری خۆی هەڵسوڕاندو





لەدوا رۆژدا سەرکردایەتییەکی نوێ بۆ حزبەکە
هەڵبژێردرا.

کاتێك رواڵەتی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە دەرکەوت،
تەنگژەکە تەقییەوە، چونکە یەکگرتنی دوو باڵەکەی
مەلا سدیق عەبدولعەزیزو عەلی باپیر توانیبووی
سەرکردایەتیی حزب بە تەواوەتی کۆنترۆڵ بکاو بەپێی
ئەوەی کەدواتر کۆمەڵی ئیسلامی لەراگەیاندنێکیدا
باسی کرد، لەسەرجەمی 29 ئەندامی سەرکردایەتیی
یەکەم شورای هەڵبژێردراوی بزووتنەوەی یەکبون، 26
یان سەر بە بەرهەڵستکاران بوون‌و تەنها 3 کەسیان
سەر بەباڵی رابەری بزووتنەوەی یەکبون بوون.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکە قەیرانێکی مەترسیداری
لەناو بزووتنەوەی یەکبوندا دروستکرد کە بەهۆیەوە
حزبەکە بەسەر دوو باڵی سەرەکیدا دابەش بوو و

بەهۆی ئەمەشەوە ناوچەکانی بەردەستی هەردوولاش بەسەر هەردوو باڵدا دابەش بوون.

بەم پێیە، خورماڵ و سیروان بەر لایەنگرانی عەلی باپیر کەوتن و هەڵەبجەو دەوروبەریشی بەر لایەنگرانی مەلا عەلی عەبدولعەزیز. لەم سەروبەندەدا جگە لەژمارەیەکی زۆری چەکدارەکان کە خۆیان ساغ کردبۆوەو بەلای یەکێ لە دوو باڵە سەرەکییەکەدا دایانشکاندبوو، ژمارەیەکی تری زۆری ئەندامانی چەکداری بزووتنەوەی یەکبون بێلایەن مانەوە، بەو ئومێدەی کە تەنگژەکە زوو چارەسەر بکرێ و حزب یەکپارچەیی قوارەی خۆی بەدەست بێنێتەوە.

لەم سەروبەندەدا بیارە کەهێزی 2ی سۆرانی لێبوو خۆی بەلای هیچ لایەکدا ساغ نەکردەوەو ئەندامانی هێزەکە لەو ماوەیەدا هەلی دوبەرەکییەکەیان قۆستەوەو بەجددی کەوتنە کارکردن بۆ راگەیاندنی ئەو رێکخراوەی کەنیازی دروستکردنیان هەبوو.





ماوەی نێوان شکستی کۆنگرەی دووی بزووتنەوەی یەکبون لە ئابی ساڵی 2000 و راگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی بەسەرکردایەتی عەلی باپیر لە مایسی 2001 دا، کە نۆ مانگ دەگرێتەوە، ماوەی ململانێو تەنگژەی ناوخۆیی ناو هەناوی بزووتنەوەی یەکبونی ئیسلامی بوو. ئەم نۆ مانگە ئەو هەلەی بۆ ئەندامانی هێزی 2ی سۆران رەخساند کە بتوانن پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ رێکخراوی قاعیدەدا پتەوتر بکەن و کار بۆ راگەیاندنی جیابوونەوەی خۆیان بکەن.

مەلا کرێکار..

**لەخوا پاڕایەوە بیکا بە (ئەداتی قەدەر) بۆ دروستکردنی دارولئیسلام**

## کۆبونەوە بەراییەکانی نێوان تەوحیدو هێزی 2ی سۆران

یەك مانگ پاش یەکگرتنی دوو گروپەکەی حەماس‌و تەوحید، نامەیەك لە(عەلی وەلی)یەوە گەیشتە دەست سەرکردایەتی تەوحید، کە تێیدا پێشنیاز کرابوو کۆبوونەوەیەك لەنێوان گروپی تەوحیدو هێزی 2ی سۆراندا فەراهەم بکرێ.

لەخورماڵ وەفدی هەردوولا کۆبوونەوە. لەتەوحید( ئەبو بەسیر "ناسراو بەئەبو بەسیری دووەم", هێمن بانی شاری، ئەبو ئەسماوو عومەر بازیانی ئامادە





بوون‌و لەهێزی 2ی سۆران (عەلی وەلی، ئەبو وائیل، ئەبو عەبدولرەحمان شامی‌و مەلا عەبدوڵڵا خەلیفانی).

کۆبوونەوەکە لەماڵی ئەبو بەسیر لەخورماڵ ئەنجامدرا. لەراستیدا هەردوولا تارادەیەکی زۆر لەسەر ئەوە یەکدەنگ بوون کەرێکخراوێکی ئیسلامیی رادیکاڵ پێویستە دروستبکرێ بەتایبەتی کەتەنگژەی ناو بزووتنەوەی یەکبون‌و جیابوونەوەی باڵی عەلی باپیر هەڵسورانی ئیسلامی رادیکاڵی زۆر خاو کردبۆوە، بەڵام خاڵی جیاوازی نێوان بۆچوونی هەردوولا ئەوە بوو کەئەندامانی هێزی 2ی سۆران دەیانویست لەگەڵ تەوحیددا یەك بگرنەوە ئنجا جیابوونەوەی خۆیان رابگەیەنن، لەکاتێکدا ئەندامانی تەوحید پێیان باش بوو سەرەتا هێزی 2ی سۆران جیابوونەوەی خۆی رابگەیەنێ ئنجا لەگەڵیاندا یەك بگرنەوە. کۆبوونەوەکە هیچ ئاکامێکی لێ نەکەوتەوە، چونکە هەردوولا لەسەر بۆچوونەکانی خۆیان سوور بوون.

ئەگەرچی لەو کۆبوونەوەیەدا عەلی وەلی جەختی لەسەر ئەوە کرد کەئەگەر تەوحید لەگەڵیاندا یەك بگرێتەوە یا یەك نەگرێتەوە، ئەوان هەر جیابوونەوەی

خۆیان رادەگەیەنن، بەڵام ئەمە ئەندامانی تەوحیدی هان نەدا پەلە لەیەکگرتنەکە بکەن.

لەکۆبوونەوەی شورای تەوحیددا کەپاش کۆبوونەوە لەگەڵ وەفدی هێزی 2 سۆراندا ئەنجامدرا، تەوحید هەڵوێستی خۆی بەو جۆرە چڕ کردەوە کەئەگەر هێزی 2ی سۆران خۆی جیا کردەوە ئەوە تەوحید خۆی هەڵدەوەشێنێتەوەو دەچێتە ریزیەوەو ئەگەر خۆی جیا نەکردەوە ئەوا وەکو خۆی دەمێنێتەوە. ئەمەش بڕیارێکی یەکجارەکی بوو.

لەدووەم کۆبوونەوەی نێوان تەوحیدو هێزی 2ی سۆراندا لەخورماڵ، هەمان وەفدی تەوحیدو وەفدی لاکەی تر کەپێکهاتبوو لە(مەلا عەبدوڵڵا خەلیفانی، ئاسۆ هەولێری، ئەبو عەبدولرەحمانی شامیو مەلا هەڵگورد) چاویان بەیەکتری کەوتو بڕیارە یەکجارەکییەکەی تەوحید بەوەفدەکەی تر راگەیەندراو کۆبوونەوەکە هیچی لێ سەوز نەبو. تاکە شتی تازە لەو کۆبوونەوەیەدا ئەوە بوو کەوەفدی هێزی 2ی سۆران رایگەیاند کە مەسەلەی جیابوونەوە تەنها مەسەلەی کاتەو هەموو ئامادەکارییەك بۆ راگەیاندنی گروپێك بەناوی جوندولئیسلامەوە کراوەو تەنانەت ئەمیرو دەستەی سەرکردایەتیشی بۆ دیاریکراوە.

تا کۆبوونەوەی سێیەم لەخورماڵ لەماڵی نزار هەولێری بەسترا، هێزی 2ی سۆران هەنگاوی گرنگی





بەرەو راگەیاندنی رێکخراوە تازەکە نابوو. لەو کۆبونەوەیەدا وەفدی هێزی 2ی سۆران پێشنیازی کرد پێکەوە رێکخراوە تازەکە رابگەیەننو سەبارەت بەپێکهاتەی سەرکردایەتیش باس لەوە کرا کەبڕیارە وریا رەشی هەولێری کەدواتر ناوی (ئەبو عەبدوڵڵای شافعی)ی بۆ خۆی هەڵبژارد، ببێ بەئەمیری گروپەکەو 7 کەسیش بۆ سەرکردایەتی دیاری کراون کەبریتی بون لەئاسۆ هەولێری لێپرسراوی دەستەی عەسکەری، ئەبو وائل لێپرسراوی هەیئەی شەرعی، کامەران مەولود کاکل عەلی ناسراو بەئەیوب ئەفغانی لێپرسراوی راگەیاندن، مەلا هەڵگورد هەولێری لێپرسراوی رێکخستن، عەلی وەلی ئەندامی دەستەی عەسکەری، ئەبو عەبدولرەحمانی شامی فەرماندەی کەتیبەی ئەقسا، عەبدوڵڵا خەلیفانی ئەندامی دەستەی عەسکەری.

لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا گروپی تەوحید بەدوو کەس لەدەستەی سەرکردایەتیدا بەشدار بێ و لەم رووەوە تەوحید (عومەر بازیانی)ی بۆ لێپرسراوی ئیدارەو ئەبو بەکری تەوحیدی بۆ لێپرسراوی ئاسایش هەڵبژارد.

بڕیار بوو لەکۆتایی مانگی ئابی 2001دا رێکخراوی جوندولئیسلام بەو پێکهاتەی سەرکردایەتییە رابگەیەنرێ، بەڵام راگەیاندنەکە تا

یەکی ئەیلول دواکەوت، چونکە گروپی تەوحید درەنگ هێزەکانی خۆی لەچیای سورێن پێ گەیەنرایە بیارە.

وەك لەکۆبوونەوەکەی خورماڵ باسکرا، ئەبو عەبدوڵڵای شافعی کرایە ئەمیری جوندولئیسلام. ئەبو عەبدوڵڵای شافعی کە لەناو بزووتنەوەی یەکبوندا بەوریا رەشی هەولێری ناسرا بوو، ناوی تەواوی جەعفەر حەسەن محەمەدە. شافعی رابردوویەکی سیاسیی شایستەو مایەی شانازیی نەبوو، بەڵام لەلایەن سەرانی رێکخراوی قاعیدەوە زۆر پشتیوانیی لێ دەکرا. شافعی ژیانی پیشەیی خۆی بەجاشایەتی دەست پێ کردبوو و لەساڵانی هەشتادا، لەکاتی جەنگی عیراق- ئێراندا، بۆ خۆ دەربازکردن لەچوونە بەرەی جەنگ، خۆیو برایەکیو ئامۆزایەکی لەیەکێ لەفەوجە سوکەکان ببوون بەجاش. مێژووی پێوەندیی شافعی بەرێکخراوی قاعیدەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی1987 کاتێك لەگەڵ چەند خزمو هاوەڵێکی خۆی کوردستانی بەجێ هێشتو روویکردە ئەفغانستانو لەوێ تێکەڵ بەو هێزانەی ئەفغانەکان بوو کەشەڕی روسو حکومەتەکەی نەجیبوڵڵایان





دەکردو لەهەمان کاتدا لەو ماوەیەدا پێوەندیی پتەوی لەگەڵ سەرانی رێکخراوی قاعیدەدا دامەزراند.

پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان لەساڵی 1991دا، چووە ریزی پارتی گەلەوە کەسکرتێرەکەی سامی عەبدولڕەحمان بوو و پاش هەڵوەشاندنەوەی پارتی یەکگرتن (کەپارتی گەل بەشێك لە پێکهێنەرەکەیبوو) و بوونی بە بەشێك لەپارتی دیموکراتی کوردستان، لەناو پارتیدا کاری کردو زۆری پێ نەچوو وازی لەپارتی هێناو پێوەندیی بەبزووتنەوەی ئیسلامییەوە کردو لەلای مەلا عەبدولغەنی تەها محەمەد بەزازی ئەندامی شورای بزووتنەوەی ئیسلامی لەهەولێر کاریکرد. هەندێ لەزانیارییەکان ئاماژە بۆ تێوەگلانی شافعی لەزنجیرەیەك کاری تیرۆریستی لەنێوهەولێردا دەکەن، کەدیارترینیان تیرۆرکردنی مەلا ئەمین (لێپرسراوی بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی)و کورێکیو چەند پاسەوانێکی بوو لەساڵی 1996دا لەئۆردوگای شاوەیس لەنێوان هەولێرو مەسیفدا، تیرۆرکردنێك کەکۆتایی بەبزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی هێنا

کەمەلا ئەمین دامەزرێنەری بوو وتا ساڵی 1993 بارەگایەکی لەهەولێر هەبوو.

# نەسکی پێنجەم

## باڵی ئیسلاح

کاتێک جوندولئیسلام لەئەیلولی 2001دا راگەیەندرا، مەلا کرێکار رابەری باڵێکی سیاسی بوو کە بۆ خۆ جیاکردنەوە ناوی لەخۆ نابوو گروپی ئیسلاح. مەلا کرێکار کەناوی تەواوی نەجمەددین





فەرەج ئەحمەد مەحمودەو لەدایکبووی ساڵی 1956ی گوندی وڵاغلوی شارباژێرە، هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەندامانیتری سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامیو پاشان بزووتنەوەی یەکبوون نەدەگونجاو بەتایبەتی ناتەباییەکی زۆری هەم لەگەڵ عەلی باپیردا هەبوو هەم لەگەڵ مەلا عەلی عەبدولعەزیزدا، بەڵام لەگەڵ مەلا عوسمان عەبدولعەزیزدا کەماوەیەک رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی بوو، ناکۆکیی کەمتر بوو.

مەلا کرێکار لەهەرەتی لاوێتیدا لایەنگری بیروباوەڕی کۆمۆنیزم بوو، بەڵام لەناوەڕاستی حەفتاکاندا بەلای ئیسلامی سیاسیدا دایشکاندو پێوەندیی بەئیخوان موسلمینەوە کرد. مێژووی پێوەندیی مەلا کرێکار لەگەڵ ئەفغانستاندا بۆ نیوەی یەکەمی ساڵانی هەشتا دەگەڕێتەوە. نزیکەی چوار ساڵی تەمەنی لەنێوان پاکستانو ئەفغانستاندا بەسەر

بردو لەو ماوەیەدا پێوەندیی پتەوی لەگەڵ حیکمەتیارو رەببانیدا دامەزراندو ئاشنایەتیشی لەگەڵ دکتۆر عەبدوڵڵا عەززامی فەلەستینیدا پەیدا کرد کە لەسەرەتای ساڵانی هەشتادا مشوری ناردنی مجاهیدینی عەرەبی بۆ ئەفغانستان دەخوارد.

مەلا کرێکار بۆچوونی روونو دیاری نەبوو. لەلێدوانو قسەکردندا وەك یەکێ لەسەرکردە توندڕەوە هەرە رادیکاڵەکان خۆی دەنواندو لەکردەوەدا ئەوەندەی خەریکی شکاندنی سەرکردەکانیتری حزبەکەی خۆی بوو ئەوەندە خەریکی راکێشانی ئەندامی تازە نەبوو.

لەو سۆنگەیەوە کەهەمیشە لەلێدوانو نووسیندا زێدەڕۆیی دەکردو زیاتر پشتی بەڕەوانبێژیو کەسایەتیی کاریزمایی خۆی دەبەستو بەردەوام مەسەلە ئایدیۆلۆژییەکانی بەبێ رەچاوکردنی تواناو دەرفەتی جێبەجێ کردنیان دەوروژاند، توانیبووی





لایەنگرانێکی زۆر لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا بۆ خۆی پەیدا بکا، بەڵام گیروگرفتەکەی لەوەدا بوو کەنەیدەزانی ململانێکان هەڵسوڕێنێو نەیدەتوانی لەسەر یەك ئاواز درێژە بەهەڵوێستەکانی بدا.

لەکۆنگرەی حەوتی ساڵی 1997ی بزووتنەوەی ئیسلامیدا مەلا کرێکار پاش دکتۆر ئیبراهیم تایەر مەعروف دووەم دەنگی بەدەستهێناو ئەمەش بووە مایەی پەرەسەندنی ململانێکانی لەگەڵ هەر یەك لەمەلا عەلی عەبدولعەزیزو عەلی باپیر وەك دوو جەمسەری گەورەی ناو بزووتنەوەی ئیسلامیو دواتر بزووتنەوەی یەکبوونیش. بەڵام سەرەڕای ئەو دەنگە زۆرەی لەکۆنگرەکەدا بەدەستی هێنا، مەلا کرێکار تا ئەو کاتەی هەڵوێستی سیاسیی خۆی یەکلا کردەوە، وەك باڵی سێیەمی ناو بزووتنەوەی ئیسلامیو

بزووتنەوەی یەکبوون مایەوەو نەیتوانی وەك جەمسەرێکی بەهێز ڕەفتار بنوێنێ.

ئایدیۆلۆژیا، نەك پێداویستییەکانی سیاسەت، ڕۆڵێکی زۆری لەگەڵاڵەکردنی هەڵوێستەکانی مەلا کرێکاردا هەبوو. لەم ڕووەوە سەید قوتب کەخاوەنی تیۆریی بەجاهیلی دانانی کۆمەڵە موسڵماننشینەکانە، کاریگەریی زۆری لەسەر بیروباوەڕو پێکهاتەی کەسایەتیی مەلا کرێکار بەجێ هێشتبوو، بەڕادەیەك کەمەلا کرێکار دوو مناڵی، یەکیان بەناوی سەیدو ئەویتر بەناوی قوتب ناوناو هێزێکی بزووتنەوەی ئیسلامیشی بەناوی سەید قوتب ناوناو چەند کتێبێکی سەید قوتبیشی لەعەرەبییەوە وەرگێڕایە سەر کوردییەکی ڕەوان. لەم سۆنگەیەوە مەلا کرێکار حکومەتی هەرێمی کوردستانی





بەحکومەتێکی جاهیلی دەدایە قەڵەمو جیهادی لەدژی ئەم حکومەتە بەفەرز دادەنا.

پێوەندیی مەلا کرێکار لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا هەر بەگرژی مایەوەو هەمیشە وەك جەمسەرێکی سەربەخۆ لەدەرەوەی چوارچێوەی سیاسەتی ڕاگەیەندراوی حزبەکەی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد. ساڵی 1999 لەخوتبەیەکی ڕۆژی هەینیدا لەمزگەوتی جیهادی سلێمانیدا، هێرشێکی کتوپڕی کردە سەر ڕێککەوتننامەی تاران کەحزبەکەی بەناوبژیوانیی ئێران لەساڵی 1997دا لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا مۆری کردبوو وبەرێککەوتننامەیەکی((ژەهراوی))ناوی برد. لەئاکامدا مەکتەبی سیاسیی حزبەکەی ناچار بوو پاش سێ ڕۆژ پابەندیی خۆی بەرێککەوتننامەکە دووبارە بکاتەوەو وای ڕابگەیەنێ کەمەلا کرێکار

گوزارشت لەراو بۆچوونی خۆی دەکا، نەك راو بۆچونی حزبەکەی.

سالّی 2001 پاش سەرهەلّدانی تەنگژەی ناو بزووتنەوەی یەکبوون لەئاکامی کۆنگرەی (1)دا، مەلا کرێکار وەك بێلایەن لەنێوان ململانێی مەلا عەلی عەبدولعەزیزی رابەری بزووتنەوەی یەکبون و عەلی باپیری رابەری بەرهەلّستکارەکان مایەوەو بالّی ئیسلاّحی خۆی وەك بالّێکی بێلایەن پاراست و بارەگای لەگوندی گولّپ لەهەورامان دامەزراند. بەلاّم پاش جیابوونەوەی عەلی باپیر لەبزووتنەوەی یەکبوون و دروستکردنی کۆمەلّی ئیسلامی لە31ی مایسی 2001دا، پێوەندییەکانی نێوان بالّی ئیسلاح و کۆمەلّی ئیسلامی گرژییەکی زۆرتریان بەخۆوە بینی. لە3ی ئابدا چەکدارەکانی کۆمەلّی ئیسلامی لەسلێمانی نوێژی رۆژی هەینییان لەمزگەوتی جیهاد قەدەغە کردو رێیان بەمەلا کرێکار نەدا، وەك هەفتانە راهاتبوو، خوتبەی جومعەی تێدا بدا. مەلا کرێکار لەبەیاننامەیەکدا هەڕەشەی کرد کەئەم کارە وای لێ دەکا هەلّوێستی((توندتر))بەرامبەر بەگروپی





عەلی باپیر بگرێتە بەر. بەرامبەر بەهەڕەشەکەش، گروپی عەلی باپیر قەدەغەی خستە سەر هاتوچۆ بۆ گوندی گولّپ. پاش رووداوەکەی مزگەوتی جیهاد بەچوار رۆژ، مەلا کرێکار لەبەیاننامەیەکی تردا کەبێ دەسەلاّتییەکی زۆری پێوە دیار بوو، رایگەیاند کەگروپەکەی شاری سلێمانی بەجێ دێلّێ و قسەیەکی وای فڕێدا کە لەخوا دەپاڕێتەوە بیکاتە((ئەداتی قەدەر))بۆ جێبەجێکردنی((شەریعەتی پڕ دادی خۆی)) لەدارولئیسلامدا، دەستەواژەیەك کەدەشێ مانای ئەوە بدات کەهەر شوێنێك لەبەر دەستی گروپە رادیکالّەکەی ئەودا نیە دارولئیسلام نیە، بەلّکو دارولحەربە.

خۆدزینەوەی مەلا کرێکار لەڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی کۆمەلّی ئیسلامی و بێ ئومێدبوون لەبالّی مەلا عەلی عەبدولعەزیز کەبەهۆی جیابوونەوەی کۆمەلّی ئیسلامییەوە ئێجگار لاواز بوو، هەلومەرجێکی وای پێکهێنا کەتێیدا لایەنگرانی مەلا کرێکار گوشاریان خستە سەر تا لەگەلّ جوندولئیسلامدا یەك بگرێتەوە.

مەلا کرێکار جگە لەوەی کەدەترسا کۆمەلّی ئیسلامی هێرشێکی کتوپڕی بکاتە سەر، ترسی

ئەوەشی لێ نیشتبوو کەلایەنگرەکانی وازی لێ بێنن‌و پێوەندی بەجوندولئیسلامەوە بکەن، بەتایبەتی کەجوندولئیسلام داوای پاکتاوکردنی عەلمانیەت‌و بەرپاکردنی جیهادیان دەکردو خۆیان بۆ شەڕێکی درێژخایەن لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیدا ئامادە دەکردو هەوڵی تێوەگلاندنی هەموو گروپە ئیسلامییەکانیان دەدا.

## کۆبوونەوەی گوڵپ

لەکۆبوونەوەی شورای جوندولئیسلامدا کە لەبیارە لەکۆتایی ئەیلولدا بەسترا، گفتوگۆ لەسەر گرژیی پێوەندیی باڵی ئیسلاح‌و کۆمەڵی ئیسلامی کراو رەوتی گفتوگۆکە زیاتر بەقازانجی پشتگیریکردنی مەلا کرێکار شکایەوە، چونکە باڵی ئیسلاح دژی جێبەجێکردنی رێککەوتننامەی تاران بوو کەپێوەندیی ئیسلامییەکانی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیدا رێکدەخست، لەکاتێکدا کۆمەڵی ئیسلامی دەیویست جێیەك بۆ خۆی لەو رێککەوتننامەیەدا بدۆزێتەوە، چونکە رێککەوتننامەکە لەکاتێکدا مۆر کرابوو کەهێشتا کۆمەڵی ئیسلامی دروست نەبوو بوو.





بۆیە هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بیرۆکەی یەکگرتنی جوندولئیسلام‌و باڵی ئیسلاح گەڵاڵە بوو و بڕیار درا وەفدێك لە(ئەبو عەبدوڵڵای شافعی، عومەر بازیانی، ئەیوب ئەفغانی‌و مەلا هەڵگورد هەولێری) سەردانی گوڵپ بکەن‌و پێشنیازەکە بخەنە بەردەم مەلا کرێکار.

یەکەم کۆبوونەوەی نێوان باڵی ئیسلاح‌و جوندولئیسلام کەرۆژی 11ی تشرینی دووەمی 2001 ئەنجام درا رووخسارە گشتییەکانی یەکگرتنەکەی داڕشت‌و رێی بۆ یەکگرتنێکی ئاسان‌و بێ قڕە خۆشکرد. ئەندامانی وەفدی جوندولئیسلام باسی ئەوەیان کرد کەهەردوولا، جوندولئیسلام‌و باڵی ئیسلاح، دوو گروپن ئامانجیان جیهاد کردنەو یەك مەبەست‌و یەك بۆچوونیان هەیەو جگە لەوە لەیەك سنوریشدان‌و بۆ هەردوولا باشترە یەك بگرن بۆ ئەوەی ئەرکەکانی خۆیان باشتر ئەنجام بدەن. لەم رووەوە گفتوگۆیەکی زۆر نەکرا، چونکە مەلا کرێکار لەڕووی سایکۆلۆژییەوە ئامادەیی ئەوەی تێدا بوو کە لەگەڵ جوندولئیسلامدا یەك بگرێتەوە، بەتایبەتی کە بەم یەکگرتنە هەم لایەنگرانی خۆی رازی دەکردو هەم

وەڵامی سوکایەتی پێکردنەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی دەدایەوە.

مەلا کرێکار گوتی((دەمێکە بەنیازم گروپێکی جیهادیی لەبابەتی ئەوەی ئێوە دروست بکەم. ئێوە توانای کارکردنتان هەیەو توانای ماددیشتان باشە))و ئەگەرچی پێشنیازەکەی ڕەت نەکردەوە، بەڵام داوای کرد مۆڵەتی بدەن مەسەلەکە لەگەڵ هەڤاڵانی خۆیدا تاوتوێ بکا. بەر لەوەی کۆبوونەوەکە کۆتایی بێ‌و بۆ زیاتر هاندانی مەلا کرێکار بۆ ئەنجامدانی یەکگرتنەکە، وەفدەکەی جوندولئیسلام قسەیەکی وای فڕێدا کەمەلا کرێکار وای لێ تێگەیشت کەجوندولئیسلام رازین ببێ بەئەمیریان. ئەمەش، وەك جوندولئیسلام مەبەستی بوو، مەلا کرێکاری زیاتر بۆ یەکگرتنەکە هاندا.





# جوندولئیسلام

# مەرجەکانی کۆمەڵ و بزووتنەوەی ئیسلامیی ڕەتکردەوەو مەرجەکانی مەلا کرێکاری پەسەندکرد

## گرژیی نێوان جوندولئیسلام و کۆمەڵی ئیسلامی

باڵی عەلی باپیر هەر لەسەرەتاوە بەچاوی گومانەوە دەیڕوانییە گروپی جوندولئیسلام. دەشێ هۆی دڕدۆنگییەکە بۆ چوار فاکتەر بگەڕێتەوە:

**یەکەم:**

باڵی عەلی باپیر تا ڕادەیەکی زۆر ئاگاداری پێوەندییەکانی نێوان جوندولئیسلام و قاعیدە بوو و لەکاتێکدا ئەمریکا توانیبوی بە لەشکرکێشییەکی گەورە بۆ سەر ئەفغانستان ڕژێمی تالیبان بڕووخێنێ, بۆچوونێکی وا خەریکی گەڵاڵەبون بوو کەدەشێ جوندولئیسلام ببێتە مایەی نانەوەی گێچەڵێك بۆ





گروپە ئیسلامییەکانی کوردستان بەگشتی و کۆمەڵی ئیسلامی بەتایبەتی.

**دووەم:**

کۆمەڵی ئیسلامی خۆی بەگەورەترین گروپی ئیسلامیی ڕادیکاڵ لەکوردستاندا دادەناو ڕاستییەکەی لەو کاتەدا کۆمەڵی ئیسلامی پاش حیزبوڵڵای لوبنان گەورەترین گروپی ڕادیکاڵی ئیسلامی بوو لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. پەیدابوونی گروپێکی ڕادیکاڵ لەبیارە, بۆ کۆمەڵی ئیسلامی وەك تەحەددایەك وابوو, بۆیە کۆمەڵی ئیسلامی سەرگەرمی ئەوە بوو جوندولئیسلام بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە, بەتایبەتی لەو ڕوانگەیەوە کەهەواڵی ئەوەی پێگەیبوو کەهەوڵێك بۆ یەکگرتنی باڵی ئیسلاحی مەلا کرێکارو جوندولئیسلام لەگۆڕێدایە.

**سێیەم:**

کۆمەڵی ئیسلامی پێیوابوو سەرکردەکانی جوندولئیسلام کەسانێکی بێ ئەزموون‌و هەڵەشەن‌و کاتی خۆیشی بەشێکیان وەك حەماس‌و تەوحید لەبزووتنەوەی یەکبوون جیا بوو بوونەوەو مێژووی پێوەندییان لەگەڵ سەرکردایەتیی کۆمەڵی ئیسلامیدا پڕ گرژی‌و ململانێبوو.

**چوارەم:**

کۆمەڵی ئیسلامی کە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیدا بەناوبژیوانیی ئێران لەوتووێژدا بوو بۆ بەگەڕخستنەوەی ڕێککەوتننامەی ساڵی 1997ی تاران‌و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پێوەندییەکانی نێوان کۆمەڵی ئیسلامی‌و یەکێتیی نیشتمانی, خۆی بەوە پابەند کردبوو کەهەوڵی جددی بۆ





هەڵوەشاندنەوەی جوندولئیسلام بداو ئەندامەکانی ئەو گروپە لەڕیزەکانی خۆی وەرگرێ.

لەم سۆنگەیەوە پێوەندییەکانی نێوان جوندولئیسلام‌و سەرکردایەتیی کۆمەڵی ئیسلامی بەگشتی باش نەبوون. پاش شەڕەکانی شنروێ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانی‌و جوندولئیسلامدا, وەفدێکی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ سەرەخۆشیی کوژراوەکانی جوندولئیسلام لەو شەڕانەدا سەردانی بیارەی کردو لەوێ لەپەراوێزی پرسەکەدا بۆ یەکەم جار قسەیەکی وا کرا کەکۆمەڵی ئیسلامی پێی باشە کۆمەڵی ئیسلامی‌و جوندلئیسلام یەك بگرن.

دواتر, وەفدێکی سێ کەسی کەپێکهاتبوون لەدڵشاد گەرمیانی‌و عەبدولرەحمان عەبدولرەحیم‌و محەمەد حەکیم سەردانی بیارەی کردو

لەکۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ئەبو عەبدوڵلای شافعیو ئاسۆ هەولێری بەڕەسمی پێشنیازی یەکگرتنەوەی کۆمەڵی ئیسلامیو جوندولئیسلامی پێشکەشکرد.

وەفدی کۆمەڵ بۆ بەڕێوەچوونی یەکگرتنەکە, چەند مەرجێکی هەبوو لەوانە مانەوەی عەلی باپیر بە ئەمیرو هەڵوەشاندنەوەی جوندولئیسلامو چوونی ئەندامەکانی بۆ ناو ریزی کۆمەڵی ئیسلامیو رێککەوتن لەسەر تەرخانکردنی چەند پۆستێکی سەرکردەیی بۆ سەرکردەکانی جوندولئیسلامو تێکەڵکردنەوەی هێزەکانی هەردوولا. لەبەرامبەردا, کۆمەڵی ئیسلامی بەڵێنیدا کەپاش ئەنجامدانی یەکگرتنەکە یەکێتیی نیشتمانی هۆشیار دەکاتەوە کەئەگەر لەماوەی دە رۆژدا هەڵەبجە چۆڵ نەکات, هەڵوێستی توند وەردەگرێ.





بەلاّم رەوتی وتووێژەکە دەریخست کەکۆمەڵی ئیسلامی رووبەڕووی لایەنێکی رەقو توند بۆتەوەو بەئاسانی مل نانێ. ئەبو عەبدوڵلای شافعی وای دەربڕی کەگروپەکەی ئامادەی یەکگرتنە, بەلاّم نەك بەبێ مەرج. ئیدی کەوتە دیاریکردنی مەرجەکانی گروپەکەی کە لەسەرووی هەموویانەوە رەتکردنەوەی رابەرایەتیی شێخ محەمەد بەرزنجی بوو کە لەنێو کۆمەڵی ئیسلامیدا پۆستی پێشەوای پێ درابوو. شافعی بەوەش دانەکەوت، بەڵکو داوای دەرکردنیشی کرد. مەرجی دووەم گۆڕینی سیاسەتی کۆمەڵی ئیسلامی بوو بەرامبەر بەیەکێتیی نیشتمانیو حکومەتەکەیو لەم مەرجەدا شافعی زیاتر جەختی لەسەر ئەوە کرد کە دەبێ کۆمەڵی ئیسلامی شەڕ لەدژی یەکێتیی نیشتمانی رابگەیەنێ، نەك وتووێژی لەگەڵ دا بکا.

لەکۆبوونەوەی شورای جوندولئیسلام دا لەبیارە, بڕیارێکی یەکجارەکی سەبارەت بەرەتکردنەوەی یەکگرتن لەگەڵ هەر یەك لەکۆمەڵی ئیسلامیو بزووتنەوەی ئیسلامی درا، بەلاّم لەهەمان کاتدا بڕیار لەسەر ئەوەش درا کە ئەگەر کۆمەڵو بزووتنەوە سوور بون لەسەر وتووێژ لەم بارەیەوە, جوندولئیسلام

مەرجی وا دابنێ کەکۆمەڵو بزووتنەوە پێی رازی نابن
.

بەمجۆرە, لەکۆبوونەوەیەکیتردا لەنێوان جوندولئیسلامو کۆمەڵی ئیسلامیدا کە لەئەحمەدئاوا بەڕێوە چوو, وەفدی جوندولئیسلام داوای حەوت پۆستی لەئەنجومەنی شورا کرد بەمەکتەبی راگەیاندنو عەسکەریشەوە, جگە لەوە پێشنیازی کرد دەزگایەك بەناوی ئەمر بەمەعروف و نەهی لەمونکەر دروست بکرێ. هەروەها دوو مەرجیتریشی دانا, یەکێکیان ئەوە بوو کەنابێ کۆمەڵی ئیسلامی نە ئێستاو نە لەئایندەدا بەشداری لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکا یاخود وتووێژ لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیدا بکاو دووەمیان مسۆگەرکردنی سەلامەتیی ئەو عەرەبانەی لەڕیزی جوندولئیسلامدا بوون. وەفدی کۆمەڵ ئەو مەرجانەی رەتکردەوە بەڵام ئامادەیی ئەوەی دەربڕی کە 3 پۆست لەئەنجومەنی شورا بۆ جوندولئیسلام تەرخان بکرێو مەسەلە سیاسییەکان بەزۆرینەی دەنگ لەشورادا بڕیاریان لەسەر بدرێ.





بەمجۆرە , مەسەلەکە بەبنبەست گەیشت و چیدی باسی یەکگرتنی کۆمەڵی ئیسلامی و جوندولئیسلام نەکرا.

## جوندولئیسلامو بزووتنەوەی ئیسلامی

لە هەمان کاتدا بزووتنەوەی ئیسلامی کە تازە مەلا عەلی عبدولعەزیز دروستی کردبۆوە, لە هەوڵی ئەوەدا بوو جوندولئیسلام لە خۆ بگرێ بۆ ئەوەی ئەو گروپە نەچێتە پاڵ گروپەکەی عەلی باپیرو لەم رووەوە وتووێژ لە نێوانیاندا دەستی پێکرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە وەفدی بزووتنەوەی ئیسلامی (عیرفان) و (تەحسین)ی کوڕانی مەلا عەلی عەبدولعەزیز شانبەشانی کامل حاجی عەلیو کەمال رەحیمی تێدا بوو, ئەبو عەبدوڵڵای شافعی بۆ بەردەوامبوون لەسەر وتووێژ ئەو مەرجەی دانا کە

دەبێ بزووتنەوەی ئیسلامی لە حکومەتی هەرێم بکشێتەوەو ڕێککەوتننامەی تاران هەڵبوەشێنێتەوە وهەموو ئەو بازگە گومرگییانەی سنوری شارەزور وەربگرێتەوە کە پێش ڕێککەوتننامەی تاران بەدەست بزووتنەوەی ئیسلامیەوە بوون.

بزووتنەوەی ئیسلامی هەموو مەرجەکانی ڕەتکردەوە و ئیدی وتووێژی یەکگرتنەوەی هەردوولا بە یەکجارەکی بە بنبەست گەیشت.

## مەرجەکانی مەلا کرێکار

مەلا کرێکار یەکگرتنی باڵی ئیسلاح و جوندولئیسلامی زۆر بەلاوە باش بوو و لەو بڕوایەدا بوو کە دەشێ بەم یەکگرتنە ڕێکخراوە تازەکە ببێ بەجەمسەرێکی گەورە لە کوردستاندا. پاش تاوتوێکردنی مەسەلەکە لەگەڵ کادیرەکانی باڵی ئیسلاح, هەموویان چوونە سەر ئەو باوەڕەی کە یەکگرتن لەگەڵ جوندولئیسلامدا کە ڕێکخراوێکی بەهێزی وەك قاعیدەی لە پشتە قازانجی ئەوانی تێدایە، بەتایبەتی کە جوندولئیسلام رازییە مەلا





کرێکار ببێ بە ئەمیر. جگە لەوە, لەو کۆبوونەوەیەدا باس لەوە کرا کە باڵی ئیسلاح چوار ئەندامی هەبێ لە شورای ڕێکخراوە تازەکەدا و هەر لەوێ بڕیار درا ئەو چوار کەسە (سەید, دکتۆر عومەر, قودس و عەبدولحەمید) بن.

خاڵێکی تری گرنگ کە کۆبوونەوەکە بە تێرو تەسەلی باسی کرد, ئەو پێشنیازە بوو کە مەلا کرێکار پێشکەشی کردو بریتیبوو لە گۆڕینی ناوی جوندولئیسلام بۆ ئەنسارولئیسلام ( ئەنساری ئیسلام). بەهانەکانی مەلا کرێکار بۆ پێشنیازەکەی, کە دواتر بە شورای جوندولئیسلامیشی ڕاگەیاند، ئەمانە بوون:

1-ناوی جوندولئیسلام ئەگەرچی زۆر چاك گوزارشت لە ڕەهەندە جیهادییەکەی گروپەکە دەکا, بەلاَم بەهۆی ڕووداوەکەی خێڵی حەمە و سەر بڕینی دیلەکانەوە لەکەدار ببوو و بە هۆی ئەمەوە ئەم ناوە ڕووداوێکی قێزەوەنی بەبیر دەهێنایەوە.

2- ناوی جوندولئیسلام زیاتر ئاماژە بۆ شەڕو کوشتار دەکاو پێویستە لەم ڕووەوە ناوێك هەڵبژێردرێ کە زیاتر لە مێژووی ئیسلامەوە هەڵقولاَ

بێ و لایەنی سیاسی بەسەریدا زاڵ بێ، نەك لایەنی عەسکەری.

3- مەلا کرێکار ئەو ئەگەرەی دانابوو کە رەنگە رێکخراوە تازەکە بچێتە نێو پرۆسەی سیاسییەوەو لەم رووەوە ناوی جوندولئیسلام بەکەڵکی پرۆسەی سیاسی نەدەهات, جگە لەوەی کە مەلا کرێکار دەیزانی یەکێتیی نیشتمانی ئامادەیی ئەوەی دەربڕیوە کە قبوڵی جوندولئیسلام بکات لە پرۆسەی سیاسیدا ئەگەر ئەو رێکخراوە ناوی خۆی بگۆڕێ‌و دەستکاریی رێبازە توندڕەوەکەی خۆی بکا.

لەم سەروبەندەدا مەلا کرێکار ناوی ئەنسارولئیسلامی لە جوندولئیسلام پێ پەسەندتر بوو و لەگەڵ گۆڕینی ناوەکەشدا پێشنیازی گۆڕینی ئالاکەشی کرد.

لە دووەم کۆبوونەوەی نێوان وەفدی جوندولئیسلام و باڵی ئیسلاحدا کە رۆژی 21ی هەمان مانگ لەگوڵپ بەسترا, مەلا کرێکار رەزامەندیی گروپەکەی لەسەر یەکگرتنەکە نیشاندا و مەرجەکانی خۆیشی خستە بەرچاو. کۆبوونەوەکە زۆر کورت بوو، چونکە وەفدی جوندولئیسلام پێشبینیی مەرجەکانیان دەکردو رەزامەندییان لەسەر ئەوە نیشاندا کە مەلا





کرێکار ببێ بە ئەمیر و دوو جێگری هەبێ کە جوندولئیسلام دیارییان دەکەن و پێشیان باش بوو چوار ئەندامی باڵی ئیسلاح لە شورای رێکخراوە تازەکەدا بن. سەبارەت بە پێشنیازی گۆڕینی ناوو ئالاش هیچ لارییەك نەبوو. لەماوەی دوو هەفتەی پاش کۆبوونەوەکەدا, پێکهاتەی شورای رێکخراوە تازەکە تاوتوێ کراو وەك لەسەری رێککەوتبوون, بڕیار درا مەلا کرێکار ئەمیری گروپەکە بێ‌و ئەبو عەبدوڵڵای شافعی ببێ بە جێگری یەکەمی‌و لە پاڵ ئەمەشدا لێپرسراوی بەشی ئاسایش بێ‌و ئاسۆ هەولێریش جێگری دووەمی بێ‌و لە پاڵ ئەمەشدا لێپرسراوی بەشی عەسکەری بێ.

باڵی ئیسلاح چوار کەسی خۆی بردە شوراوە کە بریتیبوون لە عەبدولحەمید وەك لێپرسراوی کەتیبەی شوهەدا, قودس وەك لێپرسراوی کەتیبەی موهاجرین, دکتۆر عومەر وەك لێپرسراوی رێکخستن‌و سەید وەك لێپرسراوی کەتیبەی سەید قوتب.

دوو عەرەبیش خرانە شوراوە کە یەکێکیان ئەبو وائل بوو کە لەگروپی جوندولئیسلامیش لێپرسراوی هەیئەی شەرعی بوو و لە رێکخراوە تازەکەش هەمان لێپرسراوەتییان بۆ هێشتەوەو ئەویتریان محەمەد مەشهەدانی بوو کە ماڵی لە بەغدا بوو و سەرۆکی گروپی توندڕەوی موەحیدین بوو کە ئەبو وائل ئەندامی شورای بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم کابرایە لە بەغدا بوو ناوی لە لیستی شورا رانەگەیەندراو لە نێو ئەندامانی شورادا تەنها چەند کەسێك ئاگاداری ئەوە بوون کە ئەم کابرایە ئەندامی شورایە.

جگە لە محەمەد مەشهەدانی, عەبدولحەمیدی هەولێریش بە نهێنی کرایە ئەندامی شورا، چونکە ماڵی لە هەولێر بوو و پێیان باش بوو هەر لەوێ بمێنێتەوە و ناوی وەك ئەندامی شورا رانەگەیەندرێ.





ئەندامەکانیتری شورای ئەنسارولئیسلامئەمانە بوون: ئەیوب ئەفغانی وەك لێپرسراوی راگەیاندن, مەلا هەڵگورد هەولێری وەك لێپرسراوی پێوەندییەکان, عومەر بازیانی وەك جێگری لێپرسراوی هەیئەی شەرعی, ئەبو بەکری تەوحید وەك سەرپەرشتیاری کاروباری ئاسایش, مەلا عەبدوڵڵا خەلیفانی وەك لێپرسراوی کەتیبەی بەدر و محەمەد رەشید وەك لێپرسراوی کەتیبەی سەلاحەددین.

## دەربارەی نووسەر:

- حەسەن یاسین
- لەدایکبووی 1965 هەولێر
- بەکالۆریۆس – کۆمەڵناسی
- بەکالۆریۆس زانستە سیاسییەکان
- لێکۆڵیار لەسەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان - سلێمانی